وەکوو دێمان زنجیرەیەکی هێزی بەربڵاو یارمەتییان کرد بە پەیوەندی ڕاپای ئەو دوو کۆمارە ئەنوایەتییانە. وا دێتە بەرچاو لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکانی کورد ـ ئازەری بە ژانی دژوارە زاتییەکانەوە گیرۆدە بوون، ئەو گرفت و دژواریانە لەبەرنیازی هەرکام لەو ڕژێمانە بۆ وەلامدانەوەی هێزەکانی دەرەوەی ئازەربایجان، بە شێوەیەکی چاوڕاکێش توندوتیژتر بوون. سەیرە و ئاکۆک دێتە بەرچاو، ئەگەر سەرۆکایەتی کۆمارەکان لەگەڵ بەرەلستکاری کارامە هاوڕێ لەگەڵ هێزی زۆرداری، پشتیوانی دەرەوەیی لە زێدەی سەرۆکوەزیر قەوام ڕووبەڕوو نەبوویان، هاوکاری نێوان ئەوێز و مەهاباد لەوانە بوو زۆر بە هاسانتر وە دەست بێ. لەجیاتیان، ترسی سەرۆکوەزیر پیشەوەری لە ئاکامی ئەوەدا وەدیهات کە ئەو لەگەڵ بەرەلستکاری بە یەکەوەی حکومەتی مەهاباد و هەروەها عەشیرەتە کوردەکان لە زۆربەی درێژایی ساڵی ١٩٤٦دا ڕووبەڕوو بوو.

گرفتەکانی نێو خۆیی ئازەربایجان

پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئازەری هەرگز دەبووا ئەنانەت ئەگەر ئەو پەیوەندییانە لە دەرەوە و بەزلکان بە دەرانیشتی نێونەتەوەییش بەڕێوە چوویان. قازی محەممەد بۆ ئەوەی بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئازەربایجان بە باشی ڕابگرێ دەبوو پێش‌تر مەسەلەی خاک جێ‌بەجێ بکا و بە لایەکی دابخا بەرلەوەی کە گرفتەکانی دیکەی نێوان کورد و ئازەری بە تێنێتە گۆڕێ. لە کاتێکدا کە وا وە بەرچاوی دێ مەهاباد ئەو کێشەیەی وەکوو ئامرازێک بۆ گۆشار خستنە سەر دیمۆکراتەکان و هەروەها وەکوو بەڵگەیەک بۆ نیشان‌دانی مانەوە و ژیانی خۆی بە ئاران بە کار هێنابێ، کێشەکە خۆی لە خۆی‌دا گرفتی دەخوڵقاند، بە تایبەتی بۆ خانەکان. سازشت لە دەروونی دەورانیشتنێکی ئەوەندە ڕقەبەرانەدا هەڵوێست و باری سەرۆک عەشیرەتەکانی بنکۆڵ دەکرد: لە ڕاستی‌دا مەرگ دەیتوانی ئاکامی دەست لە سەر و مال هەڵگرتنێکی ئاوا بێ ئەگەر خانێک وەستیای کاریکی ئەوتۆ بکا و ئی زۆرکەمیان مەیلی ئەوەیان تێدا بەدی دەکرا. ئەوان بە چاوێکی سووکەوە تەماشای خەڵکی ئازەربایجانیان دەکرد. ئەوێزچی بۆ خانەکان پێ‌نەبوو و دیمۆکراتەکان بێ‌پسانەوە و بەردەوام نموونەی جاریکەری ڕیفۆرمی زەوی‌وزاریان دەهێنا گۆڕێ. لە ئاکامدا، ئەوان توانیان هەر هاوکارییەکی سووردار و کورتخایەتی زێڕۆبەگ وە گیر بێنن.

گلۆبالیزم چییە؟

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسیم موزادی

ئەمڕۆکە گلۆبالیزم، یەکێ لە باس‌وخواسە هەرەگرینگەکانی نێو کتێب، ڕۆژنامە و کۆڕو کۆبوونەوەکانە. هەروەها گوتاری زاڵی ئابووری، سیاسی و جڤاکی دوو دەیەی ڕابردووش بووە. بە پێچەوانەی پرۆژەی ڕۆشنگەری چاخی ١٨، پێوەندییەکانی مرۆڤ و تێکنۆلۆژی و جیهانی دەرەوە زۆر ئاڵۆزە. لە دەمێکدا ئەوان بەم شێوە تێدەفکرێن کە مرۆڤ هەرچی زۆرتر بتوانێت ڕاز و ڕەمزەکانی خۆکرد، مێژوو و ژیان بەدۆزێنەوە و هێند ئەوەندەش بتر دەتوانێت ئەوان بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە. ئاڵۆزییەکانی ژیانی مرۆڤ لە زێدە بوون‌دایە، مارکس لەم بڕوایەدا بوو کە ئەگەر مێژوو و سوننەتەکانی بناسێن و لە فاکتۆر و بزاوتەکانی بۆ بزانێین جیهان کەڵک وەرگرین دەتوانین جیهان سەرلەنوێ ساز کەینەوە. دووسەد ساڵ پێش زانایانێکی زۆر لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا تێکڕا لە سەر ئەم بۆچوونە بوون کە مرۆڤ بەردەوام دەیەوێ بە سەر جیهانی دەرەوەدا زاڵ بێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا، ئەوان جیهانیان بە ماشێنێکی مەزن دەزانی کە مرۆڤەکان کەرەستە و ئامێرەکانین. بە لەوێک بە بۆنەی پێشکەوتنە زانستییەکانەوە دڵەڕاوکێ و لێڵییەک سەبارەت بە داهاتوو بەدی دەکرا. هەر ئەو دڵەڕاوکێیە ناکۆکانە بوونە هۆی مەزنترین گەشە و پێشکەوتن لە جیهانی ئەمڕۆدا. گلۆبالیزم بە بارچەکردارگەلێکی تێکەڵاوەوە تووش بووە کە بە ڕچاوترینیان لایەنگران و نەیارانی ڕقەبەرایەتییە. نەیاران و ناحەزان ئەمە بە دیاردەیەکی نوێ نازانن و لە سەر ئەم بۆچوونەن کە ئەمە هاوتا و هاوزاد لەگەڵ گەشەی کاپیتالیزم‌دا هەبووە. چەپەکان، بە ئەماخواز و مۆدێرنەکان بە پرۆژەیەکی دوایین دەیەکانی چاخی ١٩ی دەزانن.

لە لایەکی ترەوە لایەنگرانی بە دیاردەیەکی نوێی دەزانن کە توانیویەتی تەواوی چوارچێوەکانی دەوڵەت وەکوو سروشتی ئابووری سیستەمەکان، ئاخێزگە و کانگای دەوڵەت ـ نەتەوە، هەروەها کەلتوور و جاندی بخاتە ژێر ڕکێف و سێبەری خۆی. لە دەیەی ١٩٦٠دا، بە ڕەفراوانی مانگیلە دەس‌کردەکان و شۆڕشی ئەلکترۆنیکی ئاڵوگۆڕێکی بەنەڕەتی لە دەنگەبەرە جیهانییەکان‌دا پێکهێنا و تلویزیۆن باشترین و بە ڕچاوترین ڕۆڵی لە شۆڕشی نووروپایی ڕۆژهەڵات‌دا گێڕا. گلۆبالیزم پانتا و فانتازیای کات و شوێنی گۆڕی. ژیانمان بە هۆی هەرچەشنە گەشە و بزاوتێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهان‌دا دەشڵەژێ. گەشەی بزاوتەکانی ئەم دوایی‌یە هەموو بەشە تایبەتی و گشتییەکانی بە زاندووە و لە هەموو قوژبێن و کەلێنەکانا تەشەنەی کردووە. گلۆبالیزم، دەستەواژەیەکی کۆکراوەیە کە لە ماک و هێزە دژبەیەکەکان پێکهاتووە و هاوکات لە چەند ڕێگای فرەڕەهەندەوە دەبزوێ و ڕێگا دەبڕێ. ئەو لەگەڵ هەموو زیندووەکان، کەسەکان، شوناسەکان و هەست و نەستی خەڵکەکان ڕاموسان دەکا و سەر لە گشت قوژبنە خۆماڵییەکان دەدات. ئەوژم و گوشارەکانی گلۆبالیزم بوونەتە هۆی دەرکەوتنی کەرەسە و پاڵنەرەکان بۆ وە دەست هێنانی شوناس و سەربەخۆیی. هەوڵ و تەقەلاکانی ئەمریکا بۆ گلۆبالیزمی زاڵ لە شوێنگەلێکی ئورووپا بە تایبەت فەڕانسە توونشی بەرپەرچدانەوە و بەرهەڵستکاری بووە و دەوڵەت ـ نەتەوەکان بەردەوام هەوڵی مانەوە دەدەن.

چەمکی گلۆبالیزم

گلۆبالیزم بە چەشنی جۆراوجۆر مانا کراوەتەوە. بەڵام هەموو کۆک و تەبان لە سەر ئەمە کە مانا ڕوون و دیارەکانی ئەم دیاردەیە سەختە. بەڵام دەتوانین لە سەر تێگە بشتنە گشتییەکانی ئەم ڕەوتە دیرۆکییە بدوێین. گلۆبالیزم لە هەرملە جیهانییەکان کەڵک وەردەگرێ و تاسەواریکی مەزنی سیاسی، جڤاکی، ئابووری و چاندی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ‌دا هەیە و دۆخگەلێکی یەکسان و هاوسانی بە ڕز ڕاگرتنی بەشداربیە نێونەتەوەییەکان دەستەبەر دەکا. "جیم ڕۆسینۆ"، یەکێ لە بیردۆزە بەرچەستەکانی زانستە سیاسییەکان دەڵێ: "ئاکوو ئێستا هیچ مانایەکی ڕوون و ڕۆشنی بۆ پێشنیار نەکراوە. بۆ وێنە چەمکی گلۆبالیزم کە لە پێوەندی نێوان لایەنە ئیدئۆلۆژی، سیاسی، کەلتووری و ئابوورییەکان‌دا، هەڵقوڵاوە، نە تەنیا پێویستی بە شیکاری و خوێندنەوەی چڕوپڕ هەیە، بەڵکوو پێویستی بە هەبوونی ڕێگاکانی بەرهەمهێنان، تێکەڵ کردنی شەریکەکان، بەرین کردنی بازارە ماڵی و دراوییەکان و یەکسانی کاڵاکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان‌دا هەیە و لە ئاکام‌دا کێشە و پێکدادان لە نێوان پەنابەران و خەڵکانی خۆجێی‌دا دەست پێدەکا. کۆک و تەبا بوون لە سەر مانایەکی دروست کە بتوانن تەواوی ئەو هەموو زەوینە و ڕێکخراوانە لە خۆوە بگرێت مومکین نییە.

ئێنجا دەبێ چەمکی ئەم دیاردەیە بە بەرین و بەستین بێت و کەڵک وەرگرتن لە مزاریکی مەزن زۆر سەخت و دژوارە. پرسیارگەلێکی شیاو و هەنووکەیی لە کاتی مانا کردنی گلۆبالیزم دەردەکەوێت. وەکوو: چ پاساو و بەڵگەیەک پاش دەرکەوتنی هەیە؟ ئایا هاوکاری و هەرەوەزی نێونەتەوەیی بەرەو پێشی دەیا یان دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی پێکدادان و دووبەرەکی؟ ئایا گلۆبالیزم دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی نایەکسانی و نابەرابەری لە جیهان‌دا یان بە ڕەوتی بنیاتنانی دەوڵەتی جیهانی گرێ‌تێن دەبەخشێ؟ و ئایا گلۆبالیزم دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی تاسەوارەکانی یەکێتی سیاسی لە جیهان‌دا؟ گلۆبالیزم لە ڕەوت و بزاڤی خۆی‌دا بەرەو ناوچەیی بوون چاڵ دەترێت و سنوور و کەوشەنەکان لێک گرێ دەدا و تاڵوگۆڕی ماک، بەنەما و تۆرەمەکان بەرەەڤ دەکا و ڕیست و تاوانە ناوچەیی‌یەکان دەبنە بەرهەڵست و کۆسپ لە بەرامبەر ئەم تۆرم و ستاندارداندا. وڵاتەگەلی جۆراوجۆر بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەم دیاردە و ئاکامەکانی‌دا بەرەنگاریان ئەتاندووە و دژایەتییان کردووە، باوەڕێکی گشتی سەبارەت بە جیهانی بوون ئەمەیە کە ئەم دیاردەیە ئاکام‌گەلێکی بەرین و درێژخایەنی بۆ ئەوەی وڵاتەکان لێدەکەونەوە. لە ئاوا چوارچێوەیەک‌دا، جیهان بە توندوتیژیەکی بێوێنە بەرەو ئاقارێکی کۆمەڵایەتی گشتی دەڕوا. گەشە و پێشکەوتن لە هەر بەشێکی جیهان‌دا دەتوانێت لە سەر چارەنووسی خەڵکان و کۆمەڵگاکانی تری ئەم جیهانە کاریگەر بێت. گلۆبالیزم تەواوی گریمانە و بیر و ڕاکان لەرزۆک و هەڵۆڵ دەکا و هەر دیاردەیەک کە پێویستی بە کات و شوێنی تایبەت و گونجاو هەبێ، ئەمە بە دەسەڵات و بایەخ دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە، هەر دیاردەیەک دەتوانێ لە شوێنە جۆراوجۆرەکان‌دا بە بایەخ و پرپەها بێت و بتوانێ کاریگەری دەسەڵات بنوێنێت. گلۆبالیزم بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان سنوور دەکێشێتەوە و دەسەڵاتیان سنووردار و لاواز دەکا. هەروەک وترا، تاکوو ئێستا واتا و مانایەکی هاوبەش بۆ گلۆبالیزم پێشنیار نەکراوە. ئەم دوایی‌یانە وتوێژێکی چڕوپڕ سەبارەت بە ڕەهەند و ئاکامەکانی لەگۆڕێدایە. هەندێک وا لە سەر بنەما و ئینتما گرتنی ئەوبیرە گلۆبالیزێتەیە کە لە یونانی کەونارا دا هەبووە. هەندێکی دیکە لایان وایە گلۆبالیزم گەشە و تەوسەعەی سیستەمی کاپیتالیسمە. بەرچەستەترین تەفسیر کە بە گەشەی ئابووری ـ سیاسی نێونەتەوەیی لە سەدەی ١٦ پێوەندی هەیە باس‌وخواسی جیهانی بوونە. کاپیتالیسم ڕکێفی جیهانی بە دەستەوەیە و لە سەر ڕیست و داخوازی خۆی و لە سەر ئەوەی کە دەتوانێ بۆ هێزمۆنی کاپیتالیسمی جیهانی خۆش بکا و درێ و قەڵەشتەکانی نێوان هەژار و دەوڵەمەند قووڵتر بکا. لە ڕوانگەی فرانسیس فۆکویاماوە، سەبارەت بە سەرکەوتنی لیبرال دیمۆکراسی و کۆتایی جیهانی دووچەمسەری، تەنسیخێک بۆ وڵاتە تازە گەشەکردووەکان هەبوو کە بە پاشکۆ و شوێنکەوتووی کاپیتالیسم.

ئێکشکانی بەردە پۆلاینەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە لە سەر بیر و ڕای دژایەتی کردن بلۆکی سەرمایەداری بە نەمای گرتبوو لەگەڵ دەرکەوتنی سەنەلایت و ئینتیرنێت لە تەواوی کۆمەڵگا نەتەوەییەکان‌دا، لاواز بوون و تێڕمانی سۆڤییەتی ساناتر و گورج‌تر کرد و گلۆبالیزم تاسەوارە بێ‌دواییەکانی خۆی بە سەر دەوڵەت ـ نەتەوەدا سەپاند. ئەو هێز و گوشاری فەرمانڕەوایی نەتەوەیی کە دەوڵەتەکان بەرێوەیان دەبرد و ڕۆڵێکی گرینگیان لە سەر تاسەتی نێونەتەوەیی بە بۆنەی یەیمانی "وستفالیا" لە ساڵی ١٦٤٨ دەگێڕا، و تەواوی ڕاوێژ و باس‌وخواسەکان بۆ وڵام دانەوەی پێداویستەکانی مرۆڤ کە بە نەستۆ و نەرکی دەوڵەتەکان بوو بەرەو زەوال ڕۆیی و هەرەسی هێنا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕوانگە، پێداویستییە تەکنیکی و ئابوورییەکان دەوڵەتانیان پێمل کرد کە بتوانن وڵامی پێویست و کارایان بێندەنەوە و کۆمەڵگا مرۆڤییەکان چوارچێوەیەکی نوێیان ڕەچاو کرد و لە سەر ئەم ڕایە گلۆبالیزم لە تەواوی بوارە سیاسی، ئابووری، جڤاکیی و چاندییەکان‌دا سەلمێندرا و لەنگەری گرت.

سەرچاوە: وەرزنامەی دیسکورس، ژمارەی ٤، بەهاری ٢٠٠٤، لل ٢٢ـ١٧، نووسەر: ئیلاهە کوولایی، مامۆستای زانستە سیاسییەکان، زانستگای تاران.

تێکۆشەری کوردستان، لەیلا قاسم (١٩٥٢ـ١٩٧٤)

بە بۆنەی ٣٢ەمین ساڵیادی لە سێدارەدرانی

کچە تێکۆشەری کوردستان، لەیلا قاسم ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی "بامیلی" سەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کورد لەدایک بووە. قاسم حەمەنی، باوکی لەیلا کرێکاری کۆمپانیای باڵاوگەی نەوتی ئەلوەند بوو. دوای ئەوەی ناوبراو خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٧١ لە خانەقینەوە مالیان گواستۆتەوە بۆ بەغدا. لەیلا قاسم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری خانەقین چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی لەم شارە تەواو کردووە. لەیلا لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە. ئەوکە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هەژاری و نەداری چێشتبوو و لە لایەکیش زوڵم و زۆرداری ڕژێمی داگیرکەری عێراقی لە سەر گەلی کورد هەست پێکردبوو بیری ئازادیخوازانە و خەبات و تێکۆشانی لە لای دروست بوو.

لەیلا هەر زوو ش ئاشنایەتی لەگەڵ بزووتنەوە و ڕێکخستنەکانی ئەتەوەکەی‌دا پەیدا کردبوو. ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێگای سەلام قاسمی برا گەورەکەیەوە پێوەندی بە بزاڤی سیاسی ئەتەوەکەیەوە کردووە و لە نێو ڕیزەکانی "یەکێتی قوتابیانی کوردستان" خەبات و تێکۆشانی بەڕێوە بردووە. لەیلا لە نێو قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە وشیار کردنەوە و ڕێکخستنیان. لەیلا قاسم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی بە ناوی جەواد هەمەوەندی کە بە یەکەوە خەبات و چالاکییان دەکرد، زۆر یەکتریان خۆش دەویست. ئەگەرچی لەیلا خوێندکاری زانکۆ و جەوادیش کرێکاری یەکێک لە کارگەکانی بەغدا بوو، وەلێ خۆشەویستییەکی بێ‌سنوورییان لە نێوان‌دا هەبوو. لەیلا هەر بە ڕێگەی جەوادیشەوە بۆ ماوەیەک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. ئامانجی لەیلا قاسم لەمەدا زیاتر ناسینی ڕەوشی سیاسی کورد و بە شێوەیەکی باشتر بەرێوە بردنی خەباتی ڕێکخستن بوو لە نێو شارەکان‌دا.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبوو، لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانیان سەرباری نکۆڵی کردنی ڕژێمی داگیرکەری بەعس لە هەبوونی گەلی کورد، سوور بوون لە خەبات و تێکۆشان بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی گەلەکەیان. هەروەها ئەوان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بە یەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لە سەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجام دابوو و لە دەرفەتێک دەگەڕان کە بڵاوی بکەنەوە. بەڵام بە هۆی تێکچوونی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی عێراق و دەست پێکردنەوەی شەڕ و پاشانیش بە هۆی گیرانی لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانی تریان دەستنووسی لێکۆڵینەوەکەشیان لە لایەن سیخوڕەکانی حکومەتی عێراقەوە لەناو بردرابوو.

لە ئاداری ١٩٧٤دا دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ و هێرش کردنەوەی ڕژێمی عێراق بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، ڕژێمی داگیرکەر دەستی کرد بە کۆچبەر کردنی هەزاران کورد و بۆردومان کردنی هەردوو شاری قەلادزێ و هەڵەبجە و ڕاوەدوونان و گرتنی ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئازادیخوازانی کورد. هەر لەو کاتەدا هەزاران کەسیش لە تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەرگری کردن لە مافی نەتەوەکەیان ڕوویان لە شاخەکان کرد و چەکی پێشمەرگەیان هەڵگرت. لەو کاتەدا لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی و ئەریمان فوئاد و هەندێک لە هاوڕێکانی تریان پێیان وا بوو خەبات کردن تەنیا لە شاخ بەس نییە، بەڵکوو خەبات و تێکۆشان لە شارەکان‌دا و لە نێو جەرگەی دوژمن‌دا پێویستییەکی زۆر گرنگی ئەم قۆناغەیە، بۆیە ڕوویان نەکردە شاخەکان و لە بەغدای پایتەختی عێراق بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان مانەوە.

لەگەڵ بەرفراوان بوونی شەڕەکان لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەزگا هەواڵگریەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق بەردەوام و زۆر بە توندی چاودێری یەک بە یەکی تاکەکانی کوردییان دەکرد. بۆیە ئەوەندەی نەبرد لە ڕۆژی ٢٨/٤/١٩٧٤دا لەیلا قاسم و چوار لە هاوڕێکانی (جەواد هەمەوەندی، ئەریمان فوئاد مەستی، حەسەن حەمەڕەشید و ئازاد سلێمان میران) لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی ڕژێم لە بەغدا دەستگیر کران. ڕۆژنامەی "البورە"ی زمانحاڵی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆ و تلویزیۆنی نێوخۆیی عێراق، لەیلا قاسم و هاوڕێکانی وەک تێکدەر و گێڕەشێوێن و تێرۆریست بەناو کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکیشیان بچووکترین کردەوەشیان لە سەر ئاشکرا نەبوو.

لەیلا قاسم کچێکی چاونەترس و زیرەک بوو، لەڕووی وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری بەعس‌دا بێ‌باکانە ڕایگەیاندبوو: "بە گوشتنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانی وشیار دەبنەوە، زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم کە گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستان دەکەم." هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەک نەیتوانی بیرباری پەشیمانی بە لەیلا دەربێنێت. ڕژێمی بەعسی عێراق بە مەبەستی چاوترسانندنی لاوان و قوتابیان و جینی ڕۆشنبیری کورد بەکسەر دوای دەستگیر کردنیان دادگایەکی نادادوەرانەی دژ بە لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بەڕێوە برد و بیرباری لە سێدارەدانیانی بۆ دەرکرد.

١٦ ←

شمارە ٢٨ ـ شەمە ٣٠ ئاردیبەهشت ١٣٨٥ ـ ٢٢ ربیع‌الثانی ١٤٢٧ ـ ٢٠ مە ٢٠٠٦

ناوچەی کەلهور و کەلتوورێکی دێرین و ڕەسەن

یەحیا سەمەدی

ئەتەوەی کورد وەکوو هەموو نەتەوەیەکی زیندووی سەر ڕووی زەمین خاوەنی کەلەپوورێکی نەتەوایەتی و ئەدەبێکی فۆلکلۆری دەوڵەمەندی هەیە و خاوەن گۆرانی و مۆسیقا و ئاواز و مەقام و فۆلکلۆر و ڕیتم و شایی و هەڵپەڕکێی تایبەت بە خۆیەتی. ئاشکرایە کلتووری هەر نەتەوەیەک، خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو تایبەتمەندییە ناسنامەیەتی و پێکهاتەی بنەمای شێوازی ژیانی ئەم نەتەوەیەیە.

ناوچەی کرماشان ناوچەیەکی زۆر دێرینە و بەشێکە لە وڵاتی گەورەی کوردستان کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی بریتین لە نەتەوەی کورد و هۆزۆ گەورەکانی کوردەواری. ئەم ناوچەیە خاوەن کەلتوور و دابونەریت و کەلەپوورێکی کۆن و ڕەسەنە و زاراوەی کەلهوری پەکێکە لە زاراوە ڕەسەن و سەرەکییەکانی زمانی کوردی و وەک چۆن ئەزانین کە هۆزەش لەو سەروودە و گۆرانییە کۆنانەی کوردە کە لە ناوچەی کرماشان و ئیلام و هەروەها لۆڕستاندا ڕیشەی بووە و لایەنگریشی زۆرە و بەڵگەیەکی ڕەوایە بۆ سەلماندنی کۆن بوونی فەرهەنگ و دەوڵەمەندی فۆلکلۆری ڕەسەنی ئەم ناوچەیە.

کورد شوناسێکە پڕاوپڕ لە شەرافەت و پیاوەتی و مرۆڤدۆستی و دڵسۆزی و هەروەها دەوڵەمەندە لە کەلەپوور و کەلتوور و دابونەریت و پەندی پێشینیان و مەتەڵ و قسەی نەسەق کە لە بابیران بەرەکانی ڕابردووەوە پێی گەیشتووە. بەڵام هەندێ کێشە و گرفت لە هەمبەر گەشە سەندنی ئەم فەرهەنگەدا هەیە، یا ئەوەی هەندێ بیرتەسک هەن کە دەیانهەوێ ناسنامەی کوردی و هەروەها دەسکەوتە گەورەکانی نەتەوەی کورد بیرنەوە، دەبێ بزانن ئەم ناسنامە ئەوەندە بە هێزە و وەها ڕیشەی داکوتاوە کە تێکناچێ و ناکوژێتەوە، ئەم کەلەپوورە مەزنە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردە و هەر لە دێرینەوە پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە.

ئەوەی شیاوی باسە و دەبێ ئامارەی پێبکەین کە فەرهەنگ و زمانی کوردی بنەما و ئەساسی فەرهەنگ و زمانی ئێرانییە، لە سەرەتیشدا کەلی کورد ڕەسەنترین و کۆنترین نەتەوەی ئێرانییە، بەڵام بە داخەوە لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا و بە تایبەت لە ناوچەی کرماشاندا زمانی کوردی و سەرتریش زاراوەی کەلهوری خەریکە لە یاد ئەچێ و منداڵەکان و لاوەکانی ئێمەی کورد بە زمانی فارسی قسە دەکەن. دیارە زمانی فارسی بۆخۆی زمانێکی جوان و کۆن و دەوڵەمەندە و ئێمە لەگەڵ ڕێز و حورمەت بۆ ئەم زمانە وەک زمانێکی ئێرانی و ڕەسمی، نابێ ئەو ڕووداوە تاڵە کە لە سەرەوە ئامازەم پێکرد لە بەرچاو نەگرین و دەبێ بۆ نەفەوتان و لە یاد نەچوون وەهەروەها زیندووڕاگری و خزمەتی باشتر بە زمان و فەرهەنگی کورد و بە تایبەت زاراوەی کەلهوری لە هیچ هەوڵێن دریغی نەکەین و بۆوەستان و بە دڵسۆزییەوە تێبکۆشین. زاراوەی کەلهوری پەکێکە لە زاراوە ڕەسەن و سەرەکییەکانی زمانی کوردی و دەبێ بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە تێداچوونی ئەم زاراوە بکەین و هەوڵ بدەین بەرهەمی جۆراوجۆری پێبنووسرێ و دابونەریت و مەتەڵ و بەیتی فۆلکلۆر و پەندی پێشینیان و قسەی نەسەق و هەروەها کەلەپووری ئەم قەدیمە پڕبایەخ و گرانبەهایە کۆ بکەینەوە و نەهێڵین بکەوێتە بەر فەرامۆشی و تێداچوون.

بەیت وەک گرینگترین بەشی ئەدەبی زارەکی کاریگەرییەکی زۆر لە سەر دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد دادەنێ.

بەیت فەلسەفەی ژیان و بیرێکی جوانە کە لە نێو بواردا وەکوو خۆشەویستی و سکاڵا و... لە دڵێکی بەستۆزەوە هەڵقوڵاوە و سینگاوسینگ گەیشتۆتە ئێمە و لە دڵی کۆمەڵدا کاریگەر بووە و چێژی تایبەتی بە مرۆڤی کورد بەخشیوە و بۆتە هۆی پارلو کردنی فەرهەنگ و ئەدەب و زمان و مێژووی گەلی کورد. هەر ناوچەیەکی کوردەواری بەیتی فۆلکلۆری تایبەت بە خۆی هەیە، هەرچەند هەمووشی هەر مولکی کوردە، بەڵام قەزاراوەیی لە ناو کورددا بۆتە هۆی دەوڵەمەندی زمان و فۆلکلۆرەکەی، بەکێک لەمانە بەیتی فۆلکلۆری ناوچەی کەلهورە. بەیتەکانی فۆلکلۆری کەلهوری (کرماشانی) لێوڕێژن لە جوانی و شەیدایی و ڕەمز و ڕازی ژیان و... کە ماق مانەوەیان لە فەرهەنگی مرۆڤدا و بە تایبەتی لە فەرهەنگی کورددا هەیە و دەبێ لەبەرچاویان بگرین و بەردەوام دەقەکانیان کۆ بکرێنەوە و بنووسرێن و کەلکیان لێوەرگیرێ و لە فەرتان ڕزگاریان بکەین. بەیتی فۆلکلۆریک لەخۆگری هەندێ بەیامی ئینسانی و خۆشەویستی و ئەنانەت فەلسەفیشە کە لە باب و باپیرانمانەوە پێمان گەیشتووە. زۆر کەڵەوونەرمەند و مامۆستای گەورەی کورد سۆز و هەوێنی ناسەوار و بەرهەمەکانیان (لە بەشە جیاجیاکانی مونەرو ئەدەبدا) لە هەناسە و سۆزی دەروونی کۆمەڵ و فۆلکلۆرەوە وەرگرتووە و بەپێی فۆلکلۆرەکان لە تێبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەیتی فۆلکلۆری کرماشانی یەکێک لەوانەیە.

ژنی کەلهور

دیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئامێزەیەکی ڕوون بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی پێشکۆداری ئەم ناوچەیە چاوەڕوان دەکرێ و ئەم ئەرکە قورس و گرنگەش کەوتۆتە سەرشان و ئەستۆی بەرەی نوێ و بە تایبەت نووسەران و ڕۆژنامەوانی کورد و کەلهوری زمان و ئەوانەی بۆ زمان و فەرهەنگی کورد و هەروەها ناوچەی کرماشان هەوڵ دەدەن. بەو میرایە ئەم ڕێگایە پڕبێ لە بەرهەمی جوان و دەستەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ، بۆ بەڵگەی ڕەوا و وەک دیاری و هەروەها خۆشەویستی و لەبەرچاو گرتن و کەلک وەرگرتن چەند نموونەیەک لە بەیتی فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە دەخەمە بەرچاو. ئەمەش بەشێک لە بەیتەکان:

هی داد هی بیداد، ئالوودەی دەردم/کەلاوەنشین بیاوانگەردم. هی داد هی بیداد، کەس دیار نییە/کەس وە دەرد کەس، خەوەردار نییە. بیل تا لیم شەوبات، شەوەلەلیم خاسە/دوشمەن نەزانێت بەرگم پلاسە. وە قورئان قەسەم، وە هەر چی پیرە/مەیلت چوو قولاو، وە جەرگم گیرە. ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم بوت/سفیدی کەفەن، بالاپۆشم بوت. خال لێویەکی، خال مل دوان/ خال ناو سینەت، سەرلەلیم شیوان. کور بوت ئەو دیدە، تو نیشانم دا/ئانی بەدبەختی وە داوانم نا. قامەتم لە ژێر بار خەم چەمی/ مردن بێترە لە هاوسەر کەمی. جفتێ چاو دیری، چو پیالەی چینی/وە قەسرەو خەیتەی خانەقین بینی. مەر من چەوتم، تو چ شنەفتی/وە قسەی ناکەس. لەلیم دوور کەفتی. خوم کرماشانی فارسی نیەزانم/وە زوان کوردی قەزات وە گیانم. هەنارێک هاتییە وە لای دووسەوە/نوشم بخوەمەی هەر وە پووسەوە. کاشکای سەنگی بام، شەو لە سەرینت/گوش بیبینم کزەی نالەی دەروونت. خودا بسینت هەقم لە دایەت/خوم جەورت کیشام، کی نیشتە سایەت. من ئیوشم تانی، تو بیوش کاکە/تا مەردم بیوشن. کاریان چەباکە. شەرت بوو لە داخت هەرگیز نەخەنم/بەرگ نازیەتی لەوەر نەکەنم. هەرچی پیت وتم، قسەم نەشنەفتی/خەیلی خوەشم هات، وەی ڕۆژە کەفتی. یە چەکوسم کەفت، چو زەنگم زریا/دەسم لە داوان دووسەکەم بڕیا. خودای بانی سەر، زۆردار بکەی کور/ دووسم ناشی بوو، بردنەی وە زوور. نیمشەو چەن شەوە نەتیتە خەوم/لە کی توربایتە بینایی چەوم. ئەر مەیلت نییە، تا دڵنیا بووم/کەم دەس وە دامان، شیخ و مەلا بووم. تو خوەت گوڵێکی، گوڵ نەڕای چەتە/وە نیش بڕژانگ، تیرەنازی کەی. کەم بی، کەم بچوو، کەم دە زەحمەتم/هەم دینم سزیا، هەم قیامەتم. هەر کەس بیرسێ ناو و نیشانم/من بەدبەختەکەی ناو کرماشانم.

سەرچاوەکان لە دەفتەری حەفتەنامە پارێزراون.

دۆز و کێشەی کوردستان

(٤)

دوکتۆر کامران بەدرخان

وەرگێڕ: نەحمەد شەریفی

کوردەکانیش وەکوو هەموو تاەمیزادێک خووخدەی یاش و پەسەند و خراپیان هەیە. بە پێی سروشت و میزاج، کورد تا ڕادەیەک لا و لەجووج و بێبەرنامەیە، زۆریش ڕۆئەستووە. دابونەریتی دژوار، وای لە کورد کردووە کە تۆڵە بە ئەرکێکی پیرۆز بزانێ و لێبوردن و بەخشینی پێ شوورەیی بێ، ئەمەش لەیاری ئەخلاقییەوە پەسند نییە.

دین و ئایینزا

جگە لە مەسیحییەکان و تاقمێکی گچکە، کە هێشتا ڕەچەڵەکی کۆنی ئایینی زەرتەشتییان پاراستووە (یەزدییەکان)، دەنا، کورد بە گشتی، هەموویان موسڵمانن و زۆربەی هەرەزۆریشیان سوننین، بەڵام دەمارگرتین.

بنەمای مرۆڤایەتی کە لە کۆنەباوەری زەرتەشت هەڵدەقوڵێ، هێشتا لە ناو کوردان‌دا ماوەتەوە و لە کار و کردارییان‌دا بەدی‌دەکرێ. کوردەکان، چ موسڵمان و چ مەسیحی و چ یەزیدی هەرچی هەبن، گرینگێکی ئەوتۆ بە دین و ئایینیان نادەن. نوێنەرانی ئەم سێ ئایینزایە، لە ناو زۆربەی خێڵاتی جۆراوجۆردا پێکەوە زۆر بە باشی دەژین. سەرەڕای ئەوەش دەبێ بە بیر بێنمەوە کە ڕێبەر و پێشەوای هەر سێ ئایینزاکە، لە لای خەڵکییەوە، ڕێزیان لێدەگیرێ و بە حورمەتەوە سەیریان دەکرێ. ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێ کە باوەڕمەندان، ئەرک و کرداری ئایینی خۆیان بەجێ نامێنن و هیوادارن کە بە هۆی سرنج ڕاکێشانی سەرۆکانی ئایینەکانەوە لەم دنیایەدا، ئەوانیش لە پەسڵان و دنیای دی لایەنگرییان لێبکەن.

زۆربەی ئەم پێشەوا ئایینییانە، لە بنەماڵەگەلێکی دیاردە وەکەمن، کە بە پێگە پلەی ڕێبەرایەتییان پێدەگات. زۆربەی ئەم ڕێبەر و پێشەوایانە، چ موسڵمان و چ یەزیدی، لە دەسەڵاتی ئایینی خۆیان، بۆ کاروباری سیاسی و ڕامیاریش کەڵک وەردەگرن.

زمان و ئەدەبیات

زمانی کوردی سەر بە دەستەی گرووپی زمانە ئێرانییەکانە. هەر لەم بابەتەشەوەیە کە خزمایەتی و نزیکایەتی لەگەڵ زمانی فارسی‌دا هەیە. کوردی بریتییە، لە سێ زاراوەی سەرەکی. یەکیان کرمانجییە کە لە باکوور و ڕۆژئاوادا قسەی پێدەکرێ. ئەوی تر باشوورییە، کە بە ڕاهات بێی دەوترێ سۆرانی یان بابانی و لە ناوچەی سلێمانی لە بەڵێندایە و زاراوەی سێیەم دومليیە یان زازایی‌یە، کە زاراوەی ڕۆژهەڵات و لە دەڤەری خەرپووت و بیرجیک و بەشێ لە سیلوان‌دا قسەی پێدەکرێ.

جیاوازی ئەو سێ زاراوەیە، لە هەندێ تایبەتمەندی سەرف و نەحو و وشەدایە. لە زەمانی ئێستادا، گۆڤار و ڕۆژنامەگەلێ هەن، کە بۆ یەکگرتنی زمانی کوردی سەخت دەخەبێن و دەکۆشن.

هەر ئێستا چوار ڕۆژنامەی کوردی لە سووریا دەوەشێن (بە زاراوەی کرمانجی و پیتی لاتین). سێ بڵاوکۆکە لە عێراق‌دا هەن بە زاراوەی سۆرانی و پیتی عەرەبی دەوەشێن. هەروەها یەکێک لە یەکێتی سۆڤییەت و یەکی تریش لە ئێران‌دا هەیە کە هەر دوو بە پیتی لاتین بڵاو دەبنەوە. ((پێم وایە شادرەوان ئەمیر کامەران بەدرخان)، لێرەدا سەهوی کردووە، چونکە لە ساڵی ١٩٤٥دا هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک بە پیتی لاتین لە کوردستانی ئێران‌دا نەوەشاوە، تەنیا گۆڤارێکی کە ئەوکات هەبووە "نیشتمان" بووە، کە ئەویش بە پیتی عەرەبی وەشاوە. وەرگێڕ)) تویژینەوە لە سەرچاند و ئەدەبیاتی سینگاوسینگ و نەنووسراوی کوردی زۆر باو و سرنجڕاکێشە. ئەم پشکەی ئەدەبی کورد، لە چاندی تۆڕی نووسراوی کوردی زۆر دەوڵەمەندترە. دەشێ ساڵگەلێکی زۆری وەخت لە بۆ تەرخان بکرێ، هەتا گشت شاکارەکانی گردوکۆ کرێ و لە بنووسرێتەوە.

داستان و سەرگوزشتە و گۆرانی ئاشقانە و ئەفیندارى، سترانێن جەنگی و ڕەزمی، شێعر و هۆزان، سەما و هەڵپەڕکێ و چۆپی پڕ جووجۆڵ بەشێکن لە شتوومەکەی ئەدەبیاتی زارەکی کوردی. ئێستا ئەدەبیات و چاندی کوردی گەیشتۆتە قۆناغێکی نوێ، کە فرەتر لە ئاکام و بەرژەوەندی کۆشەرانەی گۆڤار و چاپەمەنی کوردی پێکهاتووە، کەم کەم لە بەرەوە، شێوەگەلی نوێی ئەدەبی وەک وتار نووسین و داستان هاتوونەتە ئاراوە. بەڵام بە هۆی ئەبوون و کەم بوونی چاپەمەنییەوە کەمتر دەوەشێن. نووسەرانی کورد زێدەتر دەکۆشن شوێنەواریان هاوگاو لەگەڵ بیر و فکری کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا ببزوێ.

مێژووی کوردستان

بەیدا بوونی کوردگەل لە ڕۆژهەڵات‌دا بێگومان، هاوکات لەگەڵ کۆچی خێڵاتی تری ئێرانی وانە، دەوروبەری دوو هەزار ساڵ پێش زایین‌دا ڕووی داوە. دەساوێزگەلی باستانی لەم بوارەدا زانیارێکی ئەوتۆیان تێدا نییە. تەنیا دەگوترێ کە لە یەکێک لە کەتیبەکانی سۆمێری‌دا، کە یەیوەندی بە دوو هەزار ساڵ بەر لە زایینەوە هەیە ئاماژەیەک کراوە.

خۆدۆڕاندن، سەربەرزی یا سەروخواری

سوهەیل قادری

وەرگێڕ: وەهاب دووستی دوکوشکانی

ڕەگەزیە ڕەستی و نەتەوەخوازی تۆزێتۆز و هەر ڕیوەی چشتێکی مەردوود و لە ناو خەڵک هەواخوا ئێرێد، بەڵام پاراستن و کەلتوور بنچینەدار و ئادابی ڕسووم گشت پەسەن و نەقەڵا ئەرا بەڵاوکردن و سقام گردن ئەوە وجی خوەی کار فەرە خاسێگە. نەتەوەی کورد لە هەرکات و شوێنێک و لە هەر ڕێوەیگا بایەد بنچینەی کوومەڵگای خوەی بپارێزێ.

من لە سووکی لە ئی کوردستانە و لە شار کرماشان وەل خوەم و هاوڵاتیەیلم و هەرکوردی قسە کەم. لە ناوێ دوو دەهە ژیان لە ناو ئی شارە، شاهد و کیسچین کەلتووری کوردی بوومە، کێ ئەنیا لە بڕنگ لە لیان ئامازە کەم.

لەوەر کردن دلنگ کوردی لەئی شار کوردسانە هاویاز وەل چەو پێس نوور سێتە، ئەر وەل ئی دلنگەیلە و ئدارات دەوڵەتی بچین لە لا کارمەندەیل ئەو شارە کێ گشتیان کورد فارسی ئووشێن و دلنگ ڕەسمی وڵاتەگە ها لە وەریان کارەیل ئداری ئووە وەل سەنگە سەنگ کەفیدەڕێ. ئەر وەل دلنگ کوردی و شقام و پارک و سینما بچین لە لای خەڵک وە فەرە کەس خودی ترو چەو پێس و پیدان نووڕن و ئەو قوربە ئەرا کەسێ کێ فارسی ئووشێ ئەرا ئووە نیەئەن. ئەر دلنگ ڕەسمی لەوەر بکەید بەڵام هەمیش کوردی قسە بکەید، لە هەر شووێنگ لە ئی شار کوردستانە بوود هەمیش باردووخەگە هووج نییە گووریەید.

بڕ فەرەنگ لە باوگ و دالگەیل وەل مناڵەیلیان فارسی ئووشێن و ئی زوانە و ئونوان زوان دالگی لە مناڵەیل خوەیان نیشان دەن، وە ئەر بڕنگ و بنچینەی خوەیان پا بیەنە گەزو لە گەردێ مناڵەگانیان کوردی قینسە بکەن لە لا کەس و کار خوەیان کەمفام نیشان دریەن. ناوگیر کردن مناڵەیل و ناوەیل ئەرەبی و فارسی فەرە لە ناو خەڵک جێ کەفتیە و مایەی سەربەرزییە. مناڵەیل ئی بەرەی هاوجەرخە نیەچنە زۆر بارەکێ وەل باوگ و دالگەیلیان و کەس و کار خوەیان کێ دلنگ کوردی هاوەریان لە شقام و بازار کوردی قسە بکەن، وە فەرە جاریش تەقیاس کێ وەتوێژ باوگ و دالگەیل وەل مناڵەیلیان و دوو زوان فارسی و کوردی بوو. وە راسی هەق ها دەس کامیان؟! فارسی وەتەن و فارسی‌زەدکی نە تەنیا و شار کرماشان سووکەلە نیەوە، ئی قسێرانە کوومەڵەمنە وە داخەو لە شارەیل و تەنانەت ئاوایەیل ئی ئوستانە (بنچگە کوردەیل ئەهل سوننەت) مایەی سەربەرزیە: کوردەگان ئەهل سوننەت لە لا کوردەگان شیە ئوستان کێ وە بێن جاف ئووشن فەرە بێ‌حرمەتێ و پێان کریەید و ئەو جوورە کێ وە چەوتیەید کوردەیل سوننی و شیە خوەیان لە دوو ئەتەوەی جیاواز زانێن. لە ئی شار گەڕای کوردستانە گشت وەل یەک فارسی ئووشن ئەوەشێ چێ فارسی وەتنن کێ هەر لە دوور هاوار کەید ئەوە کێ فارسی ئووشید لە کام ئێڵ و تایفەس. وەیژان فەرە گەڕایکە کێ هەمیش ژێر بار هوویەت بنچینەدار خوەمان نییە چیمن. بەشێک و شار کێ دەسیان چوود و گشتی هوویەت خوەیان گووڕانتە و نیشانەیل کوردی و خوەیان ڕانیە و لە بەش یافەرەنگ ئی شارە ناسریاین. بەڵام شارەکەیل پەڕ شار ماها جرەیل سەرتای شوورش ئێران و بنچینەی فەرهەنگی خوەیان لە کیس نیانە و فەرهەنگیان هێمان کوردیانەی مە نییە و لە تەنگی و سەربەن و بەش مەردتم دواکەفتن دیارین. باوەر بکەن شەوال کوردی لە ئی سووک و کوردستانە تەنیا تایبەت نەڕا کات خەفتنە. زووان کوردیش شایەد لە ناو مال و کاری بووەن. ڕاسی ئەر کوردەیل و قسەی دووس و دوژمەن ڕەسەنترین نەتەوەی ئێرانی هەن و ئەر کەلتووری کوردی بنچینە لەمێژو کووەنەی ئێران ئێرێد، ئەر کوردەیل لە دریژای مێژوو پارێزانە نیشتمان ئێران و ئەر لە دریژای شورش ئێران ڕۆڵ فەرەگەڕایگ لە پیروزی و پاراستن ئینقلاب داشتنە، ئەنوو ئەڕا وەل ئی نەتەوە و کەلتوور جوورنگ ڕەفتار کەن کێ پاشانەوەیە بوود.

ئەما بایەمە دیار خوەمان (کوردگان ناو کرماشان) بەرزەیل دانیشتوو لە کرماشان دەسڵاتدارەیل چەو نیمە دانە کێ گێج شتمان یانی هوویەت و کەلتوورمان وەلیمان سەنە؟ تایا ئی پێمانە خراوترە گشت پێمانەیل دریژای مێژوو نییە؟ شەک نێرم کێ ئی پێمانە تا سەر نییە کات کولەئی داورینە و سەر تیەید و ڕووێگ تیەتە کێ مەر دێزمای هەڵامات بەر نیشتمان نیمە شوون بڕێ چوود. بەڵام بایە بزانیم کێ خسار داورین ئی مەر دێزما ئەڕا گلە گلە دانیشتووەیل و خاوەیل ئی دیارە و فێشتر ئەڕا بەرەیل بانانمان مال ڕمنە. سەرەیی ئەتەوە لە دریژایی چەن ڕۆژ و چەن ساڵ وەل گشت دارایی خوەی ساز کریەید کێ یەی شەوە لە کیسی بیەید، دلنیام کێ هووج کات لێوا نییە ود کێ بڕنگ تووەن.

شمارە ٢٨ ـ شنبە ٣٠ اردیبهشت ١٣٨٥ ـ ٢٢ ربیع‌الثانی ١٤٢٧ ـ ٢٠ مە ٢٠٠٦

حکومەتی سووریا عەدنان بەشیر نووسەری کوردی زیندانی کرد

سیروان نیوز: حەوتووی ڕابردوو دادگای بەرایی تاوان لە قەزای "دێرک" لە سووریا، بە هۆی بەشداری کردنی لە فێستیوالێکی ڕۆشنبیری لە ساڵی ڕابردوودا لە شاری دهۆک حوکمی بۆ ماوەی یەک مانگ بەند کردنی بۆ "عەدنان بەشیر" نووسەری کورد و فەرمانبەر لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی حەسەکە دەرکرد.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی "عفرین نێت" دوای ئەوەی ناوبراو بە داوەتێکی ڕەسمی لە لایەن "حەسەن سلێڤانی" سەرۆکی لقی دهۆکی یەکێتی نووسەران بە بۆنەی ٣٤ ساڵ تێپەڕ بوون بە سەر دامەزراندنی یەکێتییەکەیان سەردانی شاری دهۆکی کردبوو، دوای گەڕانەوەی بۆ سووریا لە لایەن دەزگاکانی ئاسایش دەستگیر کراوە و بە تۆمەتی ئەوەی لە باسبۆرتەکەی‌دا ناوی پیشەکەی گۆڕیوە.

هەروەها ناوبراو لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی سووریا ئازار و ئەشکەنجە دراوە و لە فەرمانگەکەی مووچەی ئەو ماوەیەی کە وڵاتی بە جێ هێشتبوو لێی براوە.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی ناوبراو "عەدنان بەشیر" لە هەوڵێر و دهۆک کە هەندێ جاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردبوو، داوای کردبوو هەموو ئەو ئاستەنگانەی لە سووریا لە سەر ڕەزامەندی کوردی هەیە لابەرێت و ڕێگە بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندنی کوردی و ڕۆشنبیری و فێر کردن بە کوردی بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕێگاپێدراو بدرێ.

بۆ دەسگیر کردنی خەددام، سووریا یاداشتێک دەداتە بۆلیسی نێودەوڵەتی

PNA: بارێزەر حوسامەددین حەبەش، ڕایگەیاندووە کە دادگای سووریا، لە ڕێگەی لقی دەمێشقی پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپۆل) یاداشتێکی لە ڕێگەی فاکسەوە بۆ هاوتا فەرانسەوییەکەی ناردووە بە مەبەستی دەسگیر کردنی عەبدولحەلیم خەددام جێگری پێشووی سەرۆکی کۆماری سووریا و هێنانی بۆ بەردەم دادگای سووریا.

حەبەش بە ئاژانسی فرانس‌پرێسی ڕاگەیاندووە کە پۆلیسی نێودەوڵەتی لە سووریا فاکسێکی بۆ پۆلیسی نێودەوڵەتی لە پاریس ناردووە و داوای لێکردوون کە خەددام دەسگیر بکەن و بیهێننە بەردەم دادگای سووریا، ئەمەش دوای ئەوەی داواکارییەکەی دادگای سووریای لە مانگی ڕابردوو ڕەت کردەوە بۆ ئامادە بوونی لە بەردەم دادگای سووریا. حەبەش ئەوەشی ڕاگەیاند کە پاریس پایتەختی دێرینی ئورووپایە و شوێنێکی گونجاو نییە بۆ کەسانی لە چەشنی خەددام و نموونەی وەکوو ئەو.

عەبدولحەلیم خەددام ئێستا لە دەرەوەی سووریا لە فەرانسە دەژی و لە لایەن وڵاتەکەشی بە خیانەتکاری گەورە و گەندەڵی تاوانبار کراوە.

وەفدێکی کوردی سووریا لەگەڵ نوێنەرانی پارلەمانی ئورووپا کۆ بۆوە

PNA: وەفدێکی کوردی سووریا کە لە چەند ئەندامێکی پارتی یەکێتی کورد لە سووریا و سەنتەری ڕاگەیاندنی کوردی لە سووریا پێکهاتبوو، لە تالاری پارلەمانی ئورووپا لە بێلژیک کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی ئەنجام دا لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە پارلەمانی ئورووپا.

کۆبوونەوەکە کە نزیکەی سەعاتێکی خایاند، تێیدا وەفدە کوردییەکە لەگەڵ وەفدەکەی پارلەمانی ئورووپا چەند خاڵێکیان تاوتێ کرد کە گرنگی بۆ ڕۆژەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کێشەی کورد لە سووریا بە تایبەتی هەیە.

گرنگترین ئەو خاڵانەی کە باسیان لێوەکرا بریتی بوون لە بارودۆخی سیستمی سووریا لە سایەی گۆڕانکارییە بەرچاوەکان لە ڕۆژەڵاتی ناوەڕاست و فشار خستنە سەری بۆ ئەوەی ڕێز لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بگیرێت لە بارەی ماف مرۆڤ، هەروەها گرنگی‌دانی نێودەوڵەتی بە کێشەی کورد لە سووریا، سەرەڕای داوا کردنی پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆر کردنی بلیمەتی کورد "شێخ مەعشووق خەزنەوی" کە لە لایەن دەزگاکانی ڕژێمی سووریاوە تیرۆر کرا.

سەرەڕای ئەو خاڵانە، وەفدە کوردییەکە داوای لە نوێنەرانی پارلەمانی ئورووپا کرد لە پێناو بە دیموکراتی کردنی سووریا، ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە وڵاتەدا بگێڕن.

لە کۆتاییش‌دا وەفدە کوردییەکە دۆسیەیەکی دایە دەست نوێنەرەکانی پەرلەمانی ئورووپا کە لە ٥٠ لاپەڕ پێکهاتبوو و داواکارییەکانی گەلی کوردی سووریای لەخۆگرتبوو، هەروەها چەند پێشنیارێکی تێدابوو بۆ کاریگەرتر کردنی ڕۆڵی وڵاتانی ئورووپایی لە سووریا.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە تاران

ئامادە کردنی: ئازاد قادری

لە سەر بانگێشتنی ئەنجومەنی سینفی ڕۆژنامەوانانی ئێران لە ڕۆژی ٣٠ی گوڵانی ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق بەرەو وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران وە ڕێ کەوتن. شاندەکە بریتی بوون لە: بەڕێزان فەرهاد عەونی ئەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، مستەفا ساڵح کەریم جێگری ئەقیب و جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلئیتحاد، زیرەک کەماڵ سکرتێری ئەنجومەنی سەندیکا و بەڕێرسی ڕاگەیاندنی حیزبی شیووعی کوردستانی عێراق، خالید بەکر ئەیووب ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا، عوسمان دەشتی ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و بەڕێرسی دەفتەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە هەولێر، ئەکەت موراد ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا بە هاوڕێیەتی نوێنەری سەندیکا لە لقی شارەکانی کەرکووک و سلێمانی و بەغدا و دهۆک.

لە ڕۆژی یەکەمی سەردانەکە شاندی میوان لە بارەگای ئەنجومەنی سینفی ڕۆژنامەوانانی ئێران لە لایەن ئاغای ئەوزاعی سەرۆکی ئەنجومەن و خانمی بەدرسادات موفیدی مەسئوولی مودیریەتی ئەنجومەن و ئاغای ماشاللا شەمسولواعیزین و ئاغای مەسعوودی ئەندامانی ئەنجومەنی سینفی پێشوازیان لێکرا و لە وتووێژێکی دۆستانەدا باسی حاڵ و باری ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەگەری لە ئێران و کوردستانی عێراق کرا. هەروەها گفتوگۆ سەبارەت بە ڕێ و شوێنی هاوکاری لە نێوان هەر دوو ئەنجومەن‌دا هاتە گۆڕێ. پاشان هەندێک دیاری و یادگار ئاڵوگۆڕ کران و ڕۆژی دووەمی سەردانەکە شاندی میوان سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی ئێرانی کرد کە لە لایەن سازمانی خەبەرگوزاری جمهووری ئیسلامی دەردەچێت. لەگەڵ ئاغایان ئیسلامی‌فەرد، مودیر مەسئوول و بەڕێرسانی دیکەی ڕۆژنامەکە کۆبوونەوە و باسی هەلومەرجی ژیانی ڕۆژنامەوانی لە ئێران هاتە ئاوەوە و هەروەها باس لە دامەزراوی ڕۆژنامەوانی ئێران کرا کە چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی لێدەردەچێت. پاشان سەردانی ڕۆژنامەی "ئەلویقاق"ی عەرەبی زمانیان کرد کە سەربە هەمان دەزگایە و لە لایەن بەڕێرس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەوە پێشوازیان لێکرا. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی "شەرق"یان کرد و لە لایەن ئاغای عەترپانفەر ئەندامی شووڕای سیاسەتگوزاری ڕۆژنامەکە و خانمان بەدرسادات موفیدی و فەرزانە ڕووستایی پێشوازیان لێکرا و دوای ئەوەی گەشتەکەیان بە ناو بەشەکانی ڕۆژنامەکەدا کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی بەشەکان‌دا ئاخافتن و شارەزا بوون و لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لەگەڵ بەڕێرسان و بەڕێزەکانی ڕۆژنامەکە ئەنجام درا و تێیای‌دا مەسەلەی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و هاوکاری کەرتی تایبەت لە جالاکی جابەمەنی و ڕۆژنامەوانی‌دا هاتە ئاوەوە. ئینجا شاندەکە ماڵئاوایی کرد و گەڕایەوە شوێنی حەسانەوەی. بۆ ڕۆژی سێیەم شاندی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق لە ڕێکەوتی دووەمی ڕێز لێنانی پێنج ڕۆژنامەوانی ناوداری ئێرانی بەشداریان کرد. کە ئاغای ئەکبەرگەنجی یەکێک لەوانە بوو. ڕێکەوتەسمەکە لە بارەگای ئەنجومەن و لە لایەن ئەنجومەنی سینفی ڕۆژنامەوانانی ئێرانەوە بەڕێوە چوو بوو، کە تێیای‌دا بەڕێز فەرهاد عەونی وتەیەکی پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر مێژووی ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان‌دا. هەروەها ئەوەی هێنایەوە بیر کە پارەکە لە کاتی سەردانی شاندێکی ئەنجومەنی سینفی ڕۆژنامەوانانی ئێران بۆ کوردستانی عێراق و لە بەیاننامەیەکی هاوبەش‌دا لە کاتی سەردانەکەیان لە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیەدا خواستی ئازاد کردنی ئاغای ئەکبەرگەنجی بوو. پاشان بە ناوی شاندی میوانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە چەند دیارییەک پێشکەش بە ڕۆژنامەوانان کرا و ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان بە ئامادە بوونی میوانانی هاوپیشەیان لە کوردستانی عێراق نیشان دا، ئاواتی ئەوەشیان خواست کە بێت و ڕۆژێک سەردانی کوردستانی عێراق بکەن. لە ڕۆژێکی دیکەی سەردانی شاندەکە ئەوە بوو کە وا سەرێکی کۆمپانیای ماشێنسازی ئێران خودرەویان دا و لە لایەن بەڕێوەبەری بەیوەندی و ڕاگەیاندنەوە پێشوازیان لێکرا و شاندەکە هەموو بەشەکانی ئەو شوێنەیان بە سەر کردەوە، لە دوای گەڕانەوەیان بە گەرمێوە خودلحافیزی و ماڵئاوایی کرا.

هەر لەم چەند ڕۆژەدا شاندەکە چەند جێگای کەلتووری و گەشت و گوزاریان لە ناوچەکانی تاران و دەوروبەر بە سەر کردەوە، وەکوو مزگەوتی جامیعی تاران، قەسری نیاوەران، دەربەندی تاران و کاخی سەعدئاباد. لە دوا ڕۆژی سەفەری شاندەکەدا سەردانی بارەگای "ئیسنا"یان کرد و لەگەڵ بەشەکانی ئاشنایی‌یان پەیدا کرد. دوا دیداری شاندەکە لەگەڵ ئاغای موختارپوور موعاوینی وەزیری فەرهەنگ بوو کە یەکێک لە ساڵۆنەکانی پێشانگای نێوئەنەوەیی چاپەمەنی بەڕێوە چوو. دوای ئەوە شاندەکە لە زانکۆی پێنگەباندنی خەبەرنیگارانی سەر بە ئەنجومەنی سینفی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی سینفی ماڵئاوایی‌یان کرد و لە ڕۆژی بەکشەممە، حەوتی گوڵان شاندەکە بەرەو وڵات گەڕایەوە.

کوردەکانی تورکەمەنستان

محەممەد بەهرەدوور

دوکتۆر عارف خەزنەدار تا ئێستا زیاتر لە سی کتێبی بڵاو کردۆتەوە و بە سەر زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ڕووسی‌دا شارەزایە. هەروەها بە درێژایی ژیانی لە باری ڕۆژنامەگەری‌دا سەرقاڵ بووە و کە سایەتێکی ماندوویی‌نەناس و تێکۆشەر و لێکۆڵەرێکی بەوەجە لە بواری زانستەکانی زمان، ئەدەب و کلتووری ئەتنەوەی کورد کە بەرهەمە بەرخەکانی باشترین بەڵگەن بۆ خوێنەر. ناوبراو لە هەمووکات و ساتێکدا وە دوای بێ و شوێنی کورد کەوتووە و ڕۆر دڵسۆزانە لەم بارەدا هەنگاوی زانستییانەی هەڵێناوەتەوە. ئەو ماوەی کە لە ڕووسیا ژیاوە بە دوای کوردی ئاوارەی ئەو وڵاتەوە بووە و کاریکی گرینگی لە سەر کوردی نیشتەجێی تورکەمەنستان ئەنجام داوە و کتێبێکی ٢٥٨ لاپەڕەیی لە سەر نووسیوە، کە ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە: مێژوو، ئەدەب، ئەتنۆگرافیا. مێژووی کوردی تورکەمەنستانی ئاسیای ناوەڕاست، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مێژووی کوردی خۆراسانەوە هەیە، چونکە بە بێ ئەوەی کوردی ئەوێن و لەوێوە بۆ تورکەمەنستان کۆچیان کردووە. کوردی خۆراسانیش مێژووی خۆیان هەیە و دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمە مێژوییانەی بەشێک لە عەشیرەتەکانی کورد لە کوردستانەوە (ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران) ئاوارەی خۆراسان کراون. لەبەر ئەوە مێژووی بەسەرهاتی کوردی تورکەمەنستان و کوردی خۆراسان وەک یەکە و بیبلیۆگرافیا و سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیان هاوبەشە و لە یەکتری جیا ناکرێتەوە. دوکتۆر عارف خەزنەدار لە سەرەتای ئەم کتێبەدا دەڵێ: "کوردەکانی تورکەمەنستان بەشێکی گرینگن لە ئەتنەوەی کورد، کە بە ئایین موسوڵمانن و لە سەر ئایینزای شیعەن، زمانی قسە کردن و نووسینیان دیالێکتی کرمانجی سەرووە. زمانیان لە ڕووی دارشتنی فەرهەنگییەوە لەگەڵ شێوەزاری کوردی ئەرمەنستان و گورجستان و تا پلەیەک کوردی ئازەربایجانیش یەکتری ناگرنەوە. ئەمە لەوە هاتووە، کوردی تورکەمەنستان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانی تورکمانی و فارسی و ڕووسی، ئەمە لە لایەکی دیکەوە بە سوود گەڕاوەتەوە بۆ زمانی کوردی و بەوەی دەوڵەمەندتر بووە." دوکتۆر عارف خەزنەدار کۆڕەوە مێژوییی‌یەکەی کوردەکان لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ تورکەمەنستان بە دوو قۆناغ دابەش دەکا کە بریتین لە:

١ـ لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ خۆراسان

لە دوای جەنگی چالدران (١٥١٤ ز) و دابەش بوونی خاکی کورد بە سەر دوو دەوڵەتەکەی سەفەوی و عوسمانی هەلێکی لەبار پەیدا بوو بۆ چەوساندنەوەی کورد و دەست داگرتن بە سەر سامانی نەتەوەیی ئەم میللەتە. لە ساڵی (١٦٠٨ ز) کوردەکانی دانیشتووی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە ناوچە و عەشیرەتەکانی ئەرگەوەر و مەرگەوەر و برادۆست و شنۆ و وەرمێ کەوتنە جموجۆڵ دژ بە دەسدرێژی دەوڵەتی سەفەوی، لە هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی کوردەواری بەرەڵستی چەوساندنەوەی دەسەڵات دەکرا، لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی سەفەوی بە زۆر بەشێک لە کوردی ئەو ناوچانەی ئاوارەی خۆراسان کرد، لە لایەک بۆ ئەوەی ڕزگاری لە هەڵسان و شۆڕشەکانیان بێ، لە لایەکی دیکەوە سووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە هێرش و دەسدرێژی تورکمان و ئۆزبەکەکان بپارێزێ. وەک دەردەکەوێ هاوسێکانی کورد دەیانەوێ بۆخۆیان وا بە کورد ترسەنۆک بێن بۆ ئەوەی هەمیشە لە ژێر دەستیان بێ، کەچی بۆ ئەوان وا بە هاوسێکان دیارە ئازایە و ئەو ئازایەتییە بە کار دێنن بۆ سوود و قازانجی دوژمنەکان.

لە ماوەی مۆر کردنی پەیمانی ئاشتی بۆ جاری دووەم لە نێوان ئێران و عوسمانی لە ساڵی (١٦١٨ ز) شا عەباس بازدە هەزار بەنەماڵەی کوردی ئاوارەی خۆراسان کرد، لەمانە عەشیرەتەکانی جافەڕانلوو و شادیلوو لە ناوچەکانی قووچان و شیروان و بێجنورد نیشتەجێ بوون، لە پاشان لە بەشەکانی دیکەی خۆراسان وا تە دەرەکەن: قەلات و تەراخان و جێی دیکە بڵاو بوونەوە. کوردی خۆراسان لە سەرەتای نیشتەجێ بوونیان پێنج ناوچەی بە ڕێوە بردنیان دروست کرد و لەو خاکەی کەوتۆتە نێوان ئەستراباد و چناران و لە دوایی‌دا ئەمە بووە بنکەی دروست بوونی کوردستانی خۆراسان.

٢ـ لە خۆراسانەوە بۆ تورکەمەنستان

بە هۆی پێوەندی کشتوکاڵی و هاتوچۆی مەرومالات لە نێوان ئێران و تورکەمەنستان‌دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەنجامی مانەوەی هەندێ لەو کوردانە لە خاکی تورکەمەنستان‌دا گوند و ئاوایی کوردی پەیدا بوو، ئەمە بووە بنکەیەک بۆ کوردی دیکەی خۆراسان کە هان بدرێن بۆ کۆچ کردن لە پێناوی ژیانێکی باشتر.

وەک لە سەرچاوەکان‌دا دەردەکەوێ لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم‌دا، بەشێکی زۆر لە کوردی باکووری خۆراسان ڕوویان کردە ناوچەکانی ئەردبیل زەریای قەزوین لە ئەنجامی پەیدا بوونی کوللوو و داهاتنی گرانی و قاتوقڕی. ئا ئێستاش گەلێ لە پیرەمێردانی بەساڵاچووی کورد بەسەرهات و حیکایەتی ساڵانی کوللوو دەگێڕنەوە و ژیانی ناڵەباری ئەم ڕۆژگارە دەخەنە ڕوو و ئەم ساڵە لە ناوخەڵکی‌دا بە "ساڵانی کوللوو" ناوی دەرکردووە. بەشێکی تری خێزانی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە لەبەر هەژاری و گەڕان بە شوێن نان تاک تاک و بە کۆمەڵ لەگەڵ ماڵ و منداڵیان کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی ئەردبیل زەریای قەزوین و گوندی تایبەتییان بۆ خۆیان دامەزراندووە. ئەوەی کە دەکرێ گرینگییەکی تایبەتی بدا بەم کتێبە ئەوەیە کە:

١ـ کاریکی ئاکادیمیکە و شوێنپێی نەتەوەی کورد لە وڵاتێکی کەمتر ناسراو ـ لەچاو ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا ـ دەدۆزێتەوە.

٢ـ بارمەتیدەری ئەم کتێبە خۆی کوردی تورکەمەنستانە کە بە وتەی خودی دوکتۆر عارف خەزنەدار، عەباس مەمەد ئەزاروف بۆ دانانی کتێبەکەی گەلێک بارمەتی بە سوودی پێگەیاندووە.

٣ـ لێکۆڵەر خۆی کوردە و بیانی نییە و توانیوێتی دابونەریت و فەرهەنگیان باشتر دەس‌نیشان بکا. لەمانە: ژیانی ئابووری، ماڵی کوردی تورکەمەنستان، خواردەمەنی، جلوبەرگ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزانی کورد، ڕۆشنبیری و خوێندەواری، مۆسیقا و هەڵپەڕکێ، قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان و...

بە هەر حاڵ کۆچە مێژوییی‌یەکی کورد لە کوردستان بەرەو خۆراسانەوە و دواتر لە خۆراسانەوە بە تورکەمەنستان زۆر لایەنی شاراوە و بێ‌گومان دڵنەژێنیشی تێدایە کە جێی خوێنی ئاوێکی جیددی و زانستییانەتری لێ‌بدرێتەوە و ژیان و بەسەرهاتی کوردی ئەم وڵاتە زیاتر تاوتێ بکرێ.

بێ‌شک لە پێناو دانانی ئەم کتێبە ئەرکێکی زۆر کێشراوە و وەک سەرچاوەیەکی بە نرخی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی دەکرێ سەیر بکرێ.

سەدویەک ڕۆژنامەنووس لە عێراق گیانیان لە دەست داوە

PNA: سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ڕایگەیاند کە لە کاتی دەست پێکردنی پرۆسەی ئازادسازی هێزەکانی فرەڕەگەز بە فەرماندەیی ئەمریکا لە نێوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٣، لە میانەی کردەوە توندوتیژییەکان‌دا سەدویەک ڕۆژنامەنووسی عێراقی گیانیان لە دەست داوە.

لەم بارەوە ئەمینداری سەندیکا گوتی: ئەو زانیارییانە وایان کرد کە لێژنەیەک پێکبهێنن بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی جێبەجێ کردنی کارەکانیان.

ناوبراو ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەو پێشنیارە خراوەتە بەردەم ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و عەرەبییانەی کە تایبەتمەندن لە بواری پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، وەک ڕێکخراوی جیهانی بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و یە کێتی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە بروکسێل و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لە قاهیرە و هەروەها ڕەنگە بخرێتە بەردەم ئەتەوە یەکگرتووەکان.

سەبارەت بە وڵایەنانەی ڕۆژنامەنووسان دەکەنە ئامانج: ئەمینداری سەندیکا گوتی: ڕەنگە ئەوانە چەند لایەنێکی سیاسی بێن و یان لایەنی سیخوڕی ناوخۆیان دەرەوە کە نایانەوێ پاستییەکان بۆ چەماوەر ڕوون بێن و ئاشکرا بکرێن. شایانی باسە کاوە گوڵستان وێنەگر و هەواڵنێری بی.بی.سی کە ساڵی ٢٠٠٣ لە کفری لە باکووری عێراق کوژرا یەکێکە لەم سەدویەک قوربانییە.

شمارە ٢٨ ـ شەمە ٣٠ اردیبهشت ١٣٨٥ ـ ٢٢ ربیع‌الثانی ١٤٢٧ ـ ٢٠ مە ٢٠٠٦

خوێندنەوەی سەرلەنوێی فیلمەکانی قوبادی

(بەشی کۆتایی)

زوبەیر ئەرسەلان
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: کەمال مەولود پوری

شوێنی خرابی شەڕ و مین لە سەر کوردەکان.

هەر سێ فیلمەکەی قوبادی باسی ماڵوێرانییەک دەکەن کە شەڕ و مینی بۆ کوردەکان بە دیاری هێناوە. لە هەرسێک فیلمدا خەڵکانێک هەن کە بە دەس تازاری مین و بۆمبەوە دەناڵێنن. بە تایبەت لە فیلمی "کاتێک بۆ سەرخۆشی ئەسپەکان" دا دەمەتەقەی نێوان ئەییووب و ڕێبوار، کوڕە تاچاخچییەکە ـ سەبارەت بە مین و کاریگەری ئاڵەباری لە سەر ژیانی ڕۆژانەی کوردەکان سرنج‌ڕاکێشە، ڕێبوار: "ئێستەت هەیە؟" ئەییووب: "بابم کە مرد ئێستەرەکانیشی وە سەر مین بەرین." ئەییووب: "زەویت هەیە؟" ڕێبوار: "بەڵێ، زۆر." ئەییووب: "ئەی بۆ کشتوکاڵێ ناکەی؟" ڕێبوار: "هەموو شوێنێک پڕ لە مینە." ئەییووب: "ناتوانن لە بن عەرزیان دەرهێنن؟" ڕێبوار: "مینە جێندراوەکان زۆر لەوە زیاترن کە تۆ بیری لێدەکەیەوە." وێنەگەلێکی زۆر لەو فیلمانەدا هەن کە کاریگەری شەڕ بە سەر خەڵکی کوردا دەردەخەن. بۆ وێنە لە فیلمی "گوڵانییەکانی وڵاتی دایکم" دا شاهیدی سێ نوردووگای تەزی لە کوردەکاتین کە خەریکن لە ژێر بارانی بۆمبەکانی سەددام حوسێنداپا دەکەن. سرنج‌ڕاکێشترین بەشی ئەو فیلمە جێیەیە کە مامۆستایەکی قوتابخانە وا خەریکە بۆ قوتابییەکان شێوازی هەڵفڕینی فڕۆکەیەک لە سەر کەژەکاندا شی دەکاتەوە. لەو حاڵەدا کە قوتابییەکان فڕۆکەی کاغەزیان بە دەستەوەیە دەنگی فڕۆکەی ڕاستەقینە و بۆمبارانی ڕاستەقینەمان بە گوێ دەگا. قوتابییەک دەپرسێ: "بۆمب چییە؟" مامۆستاکەی وڵام دەداتەوە: "بۆمب ئەو شتەیە کە ماڵەکانمان خاپوور دەکا." هەروا کە دەنگی بۆمب دەبیسرێ، مامۆستا ئەو دەنگەش شی دەکاتەوە، لەو کاتەدا بۆمبێک ماڵێک وێران دەکا. ماڵەکان و قوتابخانەکەش وێران دەبن. منداڵەکان فڕۆکەکانیان لە هەوا دەکەن و بە شۆڕ بوونەوەی فڕۆکە کاغەزییەکان لە سەر کەژەکانەوە دەنگی فڕۆکە نیزامییەکان دەبیسێ. لە کۆتایی ئەو بەشەدا، بێم وا بێ دادوەرانە دەبێ بڵێم قوبادی لە ڕێی فیلمەکانی خۆیەوە ڕاستەقینەترین شانۆی ژیان و کلتووری کوردەکانی هێناوەتە سەر سەحنە.

دواوتە

بێم وایە گشت کەس دەبێ فیلمەکانی قوبادی وەک بەشێک لە پێناسەی کورد بزانن و بە ڕای من ئەو فیلمانە تێکۆشانێکی هونەرییە بۆ ڕەنگدانەوە و نیشاندانی هۆوییەت و پێناسەی گەلی کورد. قوبادی خودان هونەرێکی کوردە و فیلمەکانی لە ڕوانگەیەکی کوردانە و بە زمانی کوردی ساز کراون. بەو پێیە لە دەلاقەی ڕوانینی منەوە فیلمەکانی قوبادی یەکەم هەنگاو و خاڵگۆڕان(نقطە عطف)ێکی سەرەکییە بۆ پێکهاتنی سینەمای کوردی. دەکرێ بڵێین کە ئەم وتارە هەموو لایەنێکی فیلمەکانی قوبادی دەرناخا. بەڵام دەبێ بڵێم کە ئامانجی ئەم وتارە بێداجوونەوەی فیلمەکانی قوبادییە لە ڕوانگەی تواندنی خەڵکی کوردەوە و هەر بە و هۆیە بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی تری فیلمەکانی قوبادی لەبەر چاو نەگرتووە.

هیوادارم کە ئەو وتارە بتوانێ لانی کەم لە ناسینی خەڵکی کورد و فیلمەکانی قوبادی ڕۆڵێک ببینێ. ئەگەرچی قوبادی ئەوەی ناسە لمێنێ کە فیلمەکانی هەر چۆنێک بێ ڕەنگ و بۆنێکی سیاسییان پێوە دیارە. بەڵام بە ڕای من، بە هۆی جەخت کردن لە سەر خەڵکی کورد، فیلمەکانی ئەو تا ڕادەیەک لە بازنەی سیاسی دا خۆ دەبینێنەوە. لە دنیای ئەمڕۆدا، بە سرنجدان بە بارودۆخی سیاسی هەنووکەیی کوردەکان، هەر فیلمێک لەمەڕ هۆوییەت و پێناسەی کوردەکان و کلتووری ئەوان بدوێ، لە هەر لایەکەوە دەتوانێ لایەنێکی سیاسی هەبێ. هەر بە و جۆرەی کە قوبادی خۆی باوەڕی وایە کە کوردستان بە هۆی شەڕ و سیاسەتی جوار دەوڵەتی حاکمی ئێستا، سیاسەتلێدراو بووە. قوبادی دەڵێ: "ئەگەر تووشی کەسێک هاتی و لێی پرسی، خەڵکی ئێ شوێنێکی؟ و ئەتۆش دەڵێی: من کوردم. دەڵێن: های، چۆن ڕادەبوێن؟ لەگەڵ سەددامی چۆنن؟ لەناکاو، ئێوە دەبنە کەسایەتییەکی سیاسی، کوردێکی سیاسی. (وتوێژ لەگەڵ هێنری شیهان)" بەڵام لە فیلمەکانی دا ئەو بابەتەی زیاتر سیاسییە، ئەوەیە کە فیلمەکانی ئەو ئاوڕ دەدەنەوە سەر سنوورەکان، مین و شەڕ. بەو پێیە لە دەلاقەی لایەنی سیاسی حاشا هەڵناگرە. "من دەرمنەخستووە کە سیاسی بم بەڵام وڵاتی من سیاسەتلێدراوە و شەڕ بۆتە بەشێک لە گوتاری ڕۆژانەی ئێمە. (قوبادی، منداڵانی تۆفان، جومانا فاروقی)"

پەیوەندی ئەو بە کورد و کلتوورەکەیان بە ڕادەیەک قووڵ و بەرچاوە کە هەر بە و هۆیە ڕەنگە فیلمەکانی لە ڕوانگەی کوردەکانەوە بۆچوونێکی ساکار و ڕاستەقینە بێ لە ژیان و وڵاتەکەیان. لەو فیلمانەدا کوردەکان جەماوەرێکن بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە کە ئازادییەکانییان خراونە بشت گوێ و حاشای لێکراوە و دەنگیان نابیسرێ. هەر بۆیە دەگرێ فیلمەکانی قوبادی وەک دەنگی ڕاستەقینەی گەلی کورد بزانی. بە ڕای من فیلمەکانی ئەو شێوەیەک هاوارە بۆ ئازادی. چون ئەو خەڵکێک دێنێتە بەر چاو کە بەریەست و سەرکوت کراون. بەڵام بە و حاڵەوە خۆشی ژیان و دڵخۆشیان و شادیان لە دەست نەداوە. لە لایەکی ترەوە فیلمی "گوڵانییەکانی وڵاتی دایکم" کە لە بەنەڕەتدا "The songs of my homeland" بوو، گۆڕا بە "Marooned in iraq". بە پێی ناوی سەرەکی، ئەو لە لایەن بەرپرسانی ئێرانییەوە گەلێک ئەتەوەخوازانە هاتبوو ئەژمار. قوبادی لە وتووێژێکدا ئاشکرای کرد کە بەرپرسانی ئێرانی دەیانخواست ناوی سەرەکی فیلم "گوڵانییەکانی وڵاتی دایکم" بگۆڕن بەڵام ئەو پێی لە سەر ئەوە داگرتبوو کە ئەو ناوە هەر بمێنێ. (جەمشید ئەکرەمی). خاڵی جێی سرنج ئەوەیە کە لە پاشان لە لایەن بەڵاوکەرەوەکانی ئێوە ئەوەی ناوی ئەو فیلمە گۆڕا بە "سەرگەردان لە عێراق" ڕەنگە هەر بە و هۆیە بێ کە کێشەی عێراق لە پانتای ئێوە ئەوەیدا وەک بابەتێکی بەرچاو خۆی بواردا، ئالێرژی (حساسیت) لە سەر، وشەیەکی بێگانەدا، چارەگێک لە کاتی یەک ساعەت و نیوی کۆبوونەوەکەدا بۆ خۆی ئەرخان بکا، کە ئەنیا بووچەڵ بوونەوەی ئەو پرۆسەیەی بە دەسەلات دەسەلماند و بەس.

خوێندنەوەی شێعریکی ڕێکوپێکی جوان بە ئێوی "کەوکەئاسمان" لە لایان کاک عەلی‌ڕەزا جەمشیدی بە زاراوەی گەلهوری ڕەوتە پاراوتکسیکاڵەکەی لە کۆبوونەوەکە خستە دەر.

لە درێژەدا مامۆستا ئازادیخواز و تاغا ئەرژەنگ بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە شێعرەکەی جەمشیدی ئاراستە کرد. لە کاتێکدا کە کۆڕەکە بە دیسیپلین و ئەزمێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچوو، هیچ وتار و شێعر و پەخشانێک لە ژێر ڕەخنە بەچێکانی ئامادەبووان‌دا دەرەتانی نەبوو. لەو کەینەوبەینەیەدا بوو کە خاتوو سادقی بە خوێندنەوەی هەوەڵین هەڵبەستی شێعری خوی بە زاراوەی شیرین و پاراوی گەلهوری بە ئێوی "بزشنە ساقی وە ئی خورە زەردە" کۆڕەکەی ڕازاندەوە کە ڕووبەڕووی چەپڵەی دانیشتووان بوو و سپاسی تایبەتی بەڕێوەبەری کۆڕەکەی ئاراستە کرا.

بە خوێندنەوەی ئەو شێعرە مجورکێکم بە لە شی دا هات و ئاوانم گوتنی لایەلایەی گشت دایکەکانی کرماشان لە بن گوێی زارۆکەکانیان بە زمانی ڕگماکی خۆیان بوو.

بروانە ئەم ستونە

کرماشان بەرەو گەشەی زمان و کەلتووری کوردی

ڕاپۆرتێک لە سەر کۆڕی شێعر و ئەدەب لە "هاوار"ی کرماشان

بە ڕێوە چوونی ئاوا فێستیڤاڵگەلێک لە هەمبەر گەشە سەندنی زاراوەی کوردی کرماشانی(گەلهوری) کرد و لە درێژەدا لە وڵامی پرسیارێکدا گوتی: "زۆرتر بە ڕفرەوان بوونی گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی بو دامەزراندنی بنەماکانی دیموکراسی، دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی پراکتیسی خەڵک بۆ دیموکراسی و وەرگرتنی ڕەخنە لە کۆمەڵگادا.

کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ، کۆبوونەوەکە بە شێوەیەکی ڕەسمی بە خوێندنەوەی وتارێک بە زاراوەی سۆرانی لە لای یەکێک لە ئامادەبووان دەستی پێکرد. دەقی وتارەکە بنچینەیەک بوو بۆ خوێندنەوەی شێعرێکی شاعیری گەورەی کورد خوالێخۆشبوو سوارە ئیلخانی‌زادە و شرۆڤە کردنی ئەو شێعرە لە لایەن بەشدارانی کۆڕەکەوە. ڕێزدار کاک جەلیل ئازادیخواز دوای دەربڕینی بۆچوونەکەی خۆی سەبارەت بە شێعرەکە ئەوی بە یەکێ لە شاکارەکانی سوارە قەبڵاند. سادق سامرە بە خوێندنەوەی وتارێکی وەرگێڕاو لە فارسییەوە، بە ئێوی (ئوای قانون)ی کافکا بە زاراوەی گەلهوری درێژەی بە کۆبوونەوەکە دا کە بە ئۆنەی تێخستنی وشەگەلی فارسی ڕووبەڕووی ڕەخنەی بەڕێزان ئازیخواز و سەرداری بووە.

بۆ منی سۆران، نقد سەرسوڕهێنەر و عاجبات بوو، لە شارێک کە خەریکە بڕۆسەی تواندنەوەی زمان و کەلتووری کوردی (اسیمیلاسیون) ئێ دادەبەزێ و بۆتە هۆی هەست بە مەترسی کردنی گشت ڕووناکبیرانی کورد لەو بەرەدا، ئالێرژی (حساسیت) لە سەر، وشەیەکی بێگانەدا، چارەگێک لە کاتی یەک ساعەت و نیوی کۆبوونەوەکەدا بۆ خۆی ئەرخان بکا، کە ئەنیا بووچەڵ بوونەوەی ئەو پرۆسەیەی بە دەسەلات دەسەلماند و بەس.

خوێندنەوەی شێعریکی ڕێکوپێکی جوان بە ئێوی "کەوکەئاسمان" لە لایان کاک عەلی‌ڕەزا جەمشیدی بە زاراوەی گەلهوری ڕەوتە پاراوتکسیکاڵەکەی لە کۆبوونەوەکە خستە دەر.

لە درێژەدا مامۆستا ئازادیخواز و تاغا ئەرژەنگ بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە شێعرەکەی جەمشیدی ئاراستە کرد. لە کاتێکدا کە کۆڕەکە بە دیسیپلین و ئەزمێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچوو، هیچ وتار و شێعر و پەخشانێک لە ژێر ڕەخنە بەچێکانی ئامادەبووان‌دا دەرەتانی نەبوو. لەو کەینەوبەینەیەدا بوو کە خاتوو سادقی بە خوێندنەوەی هەوەڵین هەڵبەستی شێعری خوی بە زاراوەی شیرین و پاراوی گەلهوری بە ئێوی "بزشنە ساقی وە ئی خورە زەردە" کۆڕەکەی ڕازاندەوە کە ڕووبەڕووی چەپڵەی دانیشتووان بوو و سپاسی تایبەتی بەڕێوەبەری کۆڕەکەی ئاراستە کرا.

بە خوێندنەوەی ئەو شێعرە مجورکێکم بە لە شی دا هات و ئاوانم گوتنی لایەلایەی گشت دایکەکانی کرماشان لە بن گوێی زارۆکەکانیان بە زمانی ڕگماکی خۆیان بوو.

بیر و هۆشم لە کۆڕەکە دەرچوو و بە پەروازە بوو. خوێندنەوەی شێعری "کاولەکۆن" بە زاراوەی سۆرانی لە لایان دکتۆر سلێمانی هەوداى خەیاڵی پساندم و سرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام.

"بالاخانەی شاروێنی لارەمل کەڵکی نیە/ پیاوە هەر کەوس شێو و دوڵی نەشکەوت جێگایەتی" لەو نێوەدا ڕێزدار ئازادیخواز هەڵەکەی قۆزتەوەو بە بەیتێکی خەیام لەبەری گێڕاوە. لە درێژەی بەرنامەکەدا خاتوو سادقی، بە خوێندنەوەی دوو شێعری مامۆستا دوکتۆر پەشیو بە ناوەکانی "دەرگاکە بکەرەوە" و "لێرە و لەوێ" دەرگای بو پشکنینی گەلێن و قوژبنەکانی ئەو دوو شێعرەی لە لایان ئامادەبووان‌دا کردەوە.

کاک شاهۆ وتەبێژی هاوار بە خوێندنەوەی وتارێکی هەستاوی بە دیکلەمەیەکی شارەزایانە، کۆڕەکەی بردە نێو گێژاوێکی خەماوی کە وەبیرهێنەری مێژووی خوێناوی پڕ لە تاڵوسوێری نەتەوەکەمان بوو. شیاوی باسە دوو سێ شێعر بە زاراوەی لەکی لە لایان بەڕێزان گوجەرەی و یەزدان و دوو کەسی تریش پێشکێش کرا کە بە داخەوە دەقی شێعرەکانم دەس نەکەوت. کاک وەهابی دۆستی یەکێ لە چالاکانی کەلتوور و زمانی کوردی لە کرماشان، گۆڤاری "گوڵ سوو"(کازیوە) کە بە زاراوەی کەڵهوری لە باشوور دەردەچێ بە ئامادەبوان ناساند و شێعرێکی بە ئێوی "ڕۆژ دامەسە خەیاڵ" پێشکێش کرد.

لە ئاکامدا بە مزگێنی دانانی کۆڕی "فێرگەی وانەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی" لە لایان مامۆستا جەلیل ئازادیخواز کۆتایی بە کۆڕەکە هات.

ئەییووب حاجی‌زادە: ڕێکخراوەی "هاوار" بە پێی هەست کردن بە بۆشایی و نەبوونی سەنتەرێکی شەنوکەو کردنی زمان و کەلتووری کوردی لە کرماشان لە ساڵی ٨١ەوە بە بەرپرسایەتی کاک فازڵ وەڵیان و ئاقسەن لە چالاکانی شاری کرماشان پێکهاتووە.

ڕۆژی چوارشەمەو ڕێکەوتی سێزدەی بانەمەڕی ٨٥ی هەتاوی، کاتێ کە لە زانکۆ لە کلاسی وانەی ڕیاری دەهاتینە دەر، لە سەر جەختی بەکێ لە هەڤاڵانی کرماشانیم، بەرەو "هاوار" وە ڕێ کەوتین. لەوێ لە لایان کاک شاهۆ نادری وتەبێژی ڕێکخراوەی هاوار، بۆ نووسینی ڕاپۆرتێک لە سەر کۆڕی شێعر و ئەدەب کە هەموو حەوتووان ڕۆژانی چوارشەمەو، کاتژمێری چواری دوانیوەڕۆ لە شارە گەورەکەی کوردستانی ئێران و ژوانگەی دوو ئەویندارە تراژیکی مێژووی کوردستان ـ شیرین و فەرهاد (کرماشان) ڕاسپێردرابم بۆ چاپ لە هەفتەنامەی بە نرخی بەبامی کوردستان، ئەنیا ژۆرنالی ڕێنالیست و مێتۆدیکی هەنووکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

بەر لە دەسپێکی فەرمی کۆبوونەوەکە "سێ قاسمی ئەرژەنگ" شاعیر و نووسەری گەورەی کرماشان کە لەگەڵ بەرپرسایەتی کۆڕەکە و تاوتوێ کردنی شێعر و پەخشان و وتارەکانی لە سەر شانە بۆم لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی فێستیڤاڵی زاراوەی کەلهوری لە هەولێر دوا. بەڕێزیان ئاماژەیان بە ڕادەی بە ئەژەوەندی

مالێك بۆ كورد

زۆر نین ئەو کەسانەی کە لە پێناو خزمەت بە نەتەوەیەکەیان گیان و ماڵیان پێشکەش کردووە و لە سەردەتای ژیانەوە بە سەردەوام خزمەت بە فەرهەنگ و کەلەپووری گەلەکەیان ئامانجی سەرەکییان بووە.

کاک مستەفا قازی یەکێک لەو دەگمەن کەسانەیە. ئەم بەڕێزە لە تەواوی بۆنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی شارەکەمان‌دا دایمە بە ئامادەبوونی دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە هان‌دان و یارمەتی‌دانی چالاکانی ئەم بوارەدا. ئەمجارەش لە کردەوەیەکی جێی ڕێز و سپاس‌دا لە شوێنێکی باشی شار، زەوییەکی ٢٠٠ میتری پێشکەش بە دوو بڵاڤۆکی کوردی طارەکەمان واتە گۆڤاری مەهاباد و بەیامی کوردستان کردووە تا ئەم دوو بڵاڤۆکە لەم شوێنە ماڵی چاپەمەنی کوردی ساز بکەن، ماڵێک کە خاوەنەکەی گەلی کوردە و ڕۆژنامەوانانی کورد خۆبەخشانە تێی‌دا چالاکی بکەن.

هەر لێرەوە پرە بە دڵ سپاسی کاک مستەفا قازی دەکەین کە بۆ پشتگیری لە ڕۆژنامەگەری سەربەخۆی کوردی ئەم هەڵوێستە ئینسانییەی گرتووە و ماڵێکی بۆ کورد ئاوەدان کردۆتەوە. هیوادارین نموونەیان زۆر بێ.

ئاگاداری کۆمەڵی لاوانی شانا

بە ئاگاداری تەواوی هۆگران و ئەدەبدۆستانی بەڕێز دەگەیەنین کە کۆمەڵی لاوانی شانا بە تەمایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە مەیەستی ڕێز گرتن لە پلە و کەسایەتی ئەدەبی سەید محەممەدئەمین بەرزەنجی(خاڵەمین) ڕێوڕەسمی بیرەوەری و توێژینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەو نەمرە بەڕێوە ببات. هەر بۆیە لە تەواوی ئەو کەسانەی نووسراوەی بڵاوەکراوە، بیرەوەری، ژیاننامە، لیکۆڵینەوە و هەرچەشنە وتارێکی پەیوەندیدار بە مامۆستا خاڵەمین لە لایانە، داوا دەکەین بە نازدنی بۆ نووسینگەی ناوەندی کۆمەڵەی لاوانی شانا بەشدار و یاریدەدەری ئەم ڕێوڕەسمە بن.

تێبینی:

١ـ بەرهەمەکانتان بە خەتی خۆش یان تایپکراو بن.

٢ـ نووسینی ئادریس و ژمارە تەلەفۆنی خۆتان لە بیر نەچێ.

٣ـ لە لایەن کۆمەڵی لاوانی شانا سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە ئاگادار دەکرێنەوە.

ناونیشان: مەهاباد، پاساژی موباشیری، نهۆمی دووهەم، وەتاغی ٢٠٥، دەفتەری ناوەندی کۆمەڵی لاوانی شانا، دەبیرخانەی ڕێوڕەسمی بیرەوەری مامۆستا خاڵەمین

سەندووقی پۆستی ١٣١ ـ ٥٩١٣٥،

تێلیفاکس: ٠٤٤٢٣٢٢٦٦٧٣

WWW.kurdishmedia.com

میژووی زاردکی ١٤ ئاوێنەی کوردستان

شماره ٢٨ ـ شنبه ٣٠ اردیبهشت ١٣٨٥ ـ ٢٢ ربیع‌الثانی ١٤٢٧ ـ ٢٠ مه ٢٠٠٦

کێشەکانی عێراق و ئایندەی دیموکراسی

ڕێبوار حاجی عەبدوڵڵا

کێشەکانی عێراق و ئایندەی دیموکراسی ڕێبوار حاجی عەبدوڵڵاپوور بەگرمان هاوپەیمانان و لە سەرووی هەمووان ئەمریکا بە بیر و ئیستراتژیەوە هێرشیان کردە سەر عێراق کە ئەم وڵاتە گەلێکی بێدەستی هەیە و ساڵانێکە چەشنێک حکومەتی دیکتاتوری بە سەریدا زاڵە و ئەگەر بێت و لەم وەزعە ڕزگار بکرێن ئەوا کۆمەڵگای عێراق کێش و توانای بە دیموکراتیزە بوونیان هەیە و ماوەیەکی درێژخایەن سەرقاڵی پلان‌دانان بۆ ئەم هێرشە بوون هەرچەند سەددام وەک مۆرەیەکی سیاسی لە ڕۆژمەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا دەژمێردرا بەڵام بە حوکمی ئافەرمانی سەددام ڕووخانی حکومەتەکەی لە سەرەوەی پرۆژەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. چاوەڕوان دەکرا تێکڕای خەڵکی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە پێشوازی لە هێزی هاوپەیمانان بکەن. بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەست و پێوەندەکانی سەددام بە بیرێکی شۆڤێنیانە کە ساڵها لە مێشکیاندا ڕیشەی داکوتاوە ئەیانهێشت پرۆسەی دیموکراسی بەرەو شەقامی دیاری‌کراوی خۆی‌دا بڕوا. هەڵبەت ئەمە لایەنێک لە کێشەکان بوو. جیا لە یەعسییەکان هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکانیش کە بوونی هێزی بیانی لە وڵاتێکی موسڵمان وەک عێراق بە حەرام دەزانن دەستیان بردە چەک و کاری تێرۆریستی و ڕماندن و سەر بڕین. کێشەکان لە ڕوانگەیەکەوە خۆیان لە چوار خاڵدا دەبینێتەوە کە بریتین لە:

١ـ هێزە سیاسییە ناوخۆییەکان:

یەکێ لە گەورەترین کێشەکانی هێزە سیاسییەکانی ناوخۆ جیاوازی بیر و ڕایە. عێراق بە بێی بارودۆخی جوگرافی و ئەتەوایەتی و ئایینی، کۆمەڵگایەکی فرەئەتەوەیە و زۆر حەوڵ دراوە بیر و ڕا جیاوازەکان بێنە سەر هێڵێکی ئەوافوقی بەڵام گەیشتن بە ئاکامێکی نیهایی بە دوور دەزانرا. لایەنێک وەک سوننەی عەرەب کە خۆی بە دەسەڵاتداری چەن ساڵەی ئەم وڵاتە دەزانێ حازر نەبوو تۆسقاڵێک دەس بەرداری حوکمی زاڵمانەی خۆی بێ و بە پشتیوانی بەکێتی عەرەبی دلگەرم بووە.

لایەنێک وەک شیعەی عەرەب کە زۆرینەیە بە مافی خۆی دەزانێ سەرپارلە سەر ئیجراءات وەک ئاک بدات و لە سەر بنەمای زۆرینە بە مافی خۆی دەزانێ سەرپارلە سەر لایەنێکیش وەک کورد بدا کە داوای مافە پێشێلکراوەکانی دەکرد کە دەمێکی زۆرە خەباتی بۆ دەکا و زۆر تاوارەیی دیوە و قوربانی لەم پێناوە داوە. سەرچەم ئەمانە پێوونە هۆکارێک بۆ نەگەیشتن بە ئاکامێکی شیاو.

٢ـ هێزی هاوپەیمانان:

زۆر جار گوتراوە کە ئەمریکا تەنیا بۆ ئازادی عێراق نەهاتووە و بە دوای بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابووری خۆیەتی. بە ڕاستی ئەمەش بۆتە کێشەیەک چون هەر یاسایەک کە لەگەڵ بەرژەوەندی هاوپەیمانان نەیخوێنێتەوە ئەگەر بۆ خەڵکی عێراقیش بە سوود بێ بە ئەنگژەدا دەکەوێ و ڕەفز دەکرێتەوە. مەسەلەی تر لە سەر هاوپەیمانان ئەوەیە کە ئێختیاراتی بەڕێوەبردنی حکومەتی عێراق سنووردارە و حەقی نەداخولیان لە زۆر ئیش‌دا نییە و ئەمەش دژایەتی هەیە لە سەر سەربەخۆیی عێراق.

٣ـ باری ئەمنی و ئاسایش:

لە سەرەکی‌ترین گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵگای عێراق، باری ئەمنی بە تایبەت لە بەغدا و ناوچە ناوەڕاستەکانی ئەوێیە. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە دەتوانێ گرێدراوی دوو خاڵی ئامازەپێکراویش بێ یانی ناکۆکی هێزەکانی ناوخۆی عێراق بوو بە هۆی درەنگ بوونی حکومەت و داڕشتنی ئیداری و ئەمەش بۆشایی‌یەکی گەورەی خستە ناو پێکهاتەکانی سیاسی و جەماوەر کە بەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باری ئەمنییەوە هەیە.

٤ـ کەرکووک:

کەرکووک ئەو شارەیە کە بە ڕادەی تەواو شارەکانی عێراق کێشەی لە سەرە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس لە تەعریب کردن و لە ناو بردنی باری ئەتەوەیی و جوگرافی ئەم شارە بە شێوەی دابڕینی تەزا و ناحیەکان لە پارێزگای کەرکووک و سووتاندن و خاپوور کردنی دێهاتەکان. لەم ئیش‌دا کورد بە تایبەتی و تورکەمەن زەرەرمەندی ڕاستەقینەن.

← ١٥

کاک مستەفا دیارە سەردەمی کاری ئەدەبی، جالاکی سیاسیشتان هەبووە. پێمان خۆشە لەم ئەزموونانە بدوێن.

بەر لە شۆڕشی ئیسلامی، دژی ڕژێمی شا چالاکیم بووە و لە خۆپیشاندانەکانی شاری ئەغەدەدا بەشدار بووم و تەنانەت لە پێکهاتەکان‌دا ڕۆڵم بینیوە و بەرنامەی ئەدەبیم بەڕێوە بردووە و هەر ئەم هەنگاوانە متمانەی خەڵکی بۆ بە دیاری هێنام و منیان وەکوو ئەندامی شوورای ئەو شارە هەڵبژاردووە و لەگەڵ تاقمێک بەڕێزەوەکوو مستەفا هیجری و... لە چەند دانیشتن‌دا لەگەڵ لێژنەی دەوڵەت لە شارەکانی مەهاباد و سنەدا بەشدار بووم.

بە پێی ئەو ئەزموونانەی ئامازەتان پێکرد و بەشداریتان لەو دانیشتنانە، ئەگەر دەکرێ سەرەتا لە سەر ڕووداوی شەڕی ناوخۆی شاری ئەغەدە بدوێن.

وەک پێشتر ئامازەم پێکرد ئێمە لەگەڵ جەماعەتێک لە لاوانی ئەو شارە وەکوو کاک موحسین ڕەحیمی، عومەر ئیلخانیزادە ـ کە ئەوکات ئەفسەری وەزیفە بوو ـ محەممەد مراد ڕەسوولی و لە ترکەکان ئاغای عیلمی کە یەکەم بەرپرسی سپای پاسداران بوو و ماشاڵڵاخان بۆزچەلوو و... لە دژی شا پێکەوە هاوکاریمان هەبوو.

لە پاش شۆڕش بە هۆی هەندێ داواکارییەکانی خەڵکی کورد و هەروەها بە هۆی دەستێوەردانی ئاقمێک مرۆڤ کە میرانی ڕژێمی پێشوو بوون، لە ئێران کورد و ترکدا هەندێک دڕدۆنگی و ئاڵۆزی پێکهات. لەو ئێوەدا ئێمە وەکوو کۆمەڵێکی خەمخۆر بە بەردەوام حەوڵی ئەوەمان دەدا کە دژایەتی پێک نییە و بەکێتی بپارێزرێ. دیارە لە ئێو ترکەکانیش‌دا ڕێزداری وا هەبوون کە لایەنگری هاوکاری و نیزیکایەتی بوون. بەڵام بەڕێوە بردنی میتینگی حیزبی دیموکرات کە بەڕێوەبەری سەرەکی ئەو ئاغای ڕەحمان حاجی ئەحمەدی بوو و لە دەرەوەدا گەڕابۆوە وڵات و بەو پێیە زۆر ئاگاداری دۆخی ناوچەکە و پەیوەندی کورد و ترک نەبوو بۆ دەسپێکی ئەم ڕووداوە تاڵە و دیارە حاجی ئەحمەدی بە قسەی دەوروبەریشی نەدەکرد و بەبێ ئەوەی کە ڕاوێژ و پرسێک بە ئێمە وەکوو شوورای شار بکا، حیزبی قانع کردبوو کە ئەم میتینگە سەر بگرێ و بەڕێوە بچێ و ڕەنگە بەرپرسانی ئەو حیزبەش زۆر ئاگاداری بارودۆخی ناوچەکە نەبووین. ئەو بەڕێوە هات و ئەم میتینگەی لە شوێنێک کە چوار دەوری ترک بوو بەڕێوە برد و ئەو هەموو جەماعەتە چەکدارەی کە لە پاوە و نەوسوود و... هاتبوون، یانی جەماعەتێکی بێ‌ئەزم و دیسیپلینی لەوێ کۆ کردەوە، دیارە ئێمە لانی‌کەم وەک ئەندامانی شوورای ئەو شارە دەبوو ئاگاداری ئەو کارە بووباین، بەڵام ئێمە هەرخەبەرمان نەبوو، من خۆم بە سەردان چوویووم ماڵی ڕەشیدی برام لە مەهاباد و لەوێ زانیم کە ئەوە حیزبی دیموکرات لە ئەغەدە خەریکە میتینگ بەڕێوە بەرێ. ئەڵبەت حاجی مەلا ساڵح ڕەحیمی (ئیمام جومعەی کوردی ئەغەدە) دژایەتی خۆی دەبڕیبوو و چوویبوونە لای حاجی مەلا بڕایمی موحەرریر کە مەلایەکی ترکەکان بوو و ئینسانێکی باش بوو پرسیان پێکردبوو و ئەویش تکای لە حاجی ئەحمەدی کردبوو ئەو میتینگە لەوێ بەڕێوە نەبا و لە گەڕەکی کوردەکان بەڕێوەی ببەن، بەڵام ئەو ئەمەی ڕەد کردبۆوە. من گەڕامەوە ئەغەدە و دیتم جەماوەرێکی زۆر کۆ بوونەتەوە و ترکەکانیش وەک دژایەتی کردن دووکان و بازاڕیان داخستبوو و خۆیان ئامادە کردبوو. یەک دوو ئەقسەهات و هەراوهوریای جەماعەت دەست پێکرا و وڵات شێوا. من کە بۆ یەکەم جار "دوکتۆر قاسملوو"م لە ماڵی میرزا ڕەحیمی خەڕیزی دیبووو و ئاشنایەتێکی وام لەگەڵی نەبوو، ئەماشام کرد ئەوە لەوێ بە ئەنیا ماوەتەوە و کەسی بە دەورەوە نییە. چوومە لای و گوتم دوکتۆر بە ئێو شاری‌دا بڕۆیەوە خەتەرە، بە پشت "چیانە"دا بڕۆ و با بچین بۆ ماڵی ئێمە چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵ بوو و چوینە ماڵە ئێمە و ئەهارمان خوارد و لێی پرسیم: "ئەو مەسەلە و ئەو ڕووداوە چۆن بوو؟" گوتم: "کارێکی زۆر خراپ بوو و ئەدەبوو ئاوا بایە." گوتی: "بۆ لە پێش‌دا دەنگت نەدەکرد؟" گوتم: "ئەمن ئەندامی حیزب نیم و وەک ئەندامی شوورا و ئوێنەری خەڵک نە هیچ پرسێک بە من کراوە و نە بە باقی ئەندامانی ترنەکراوە." دیارە ترکەکانی ئەغەدەش خەباڵی شەڕ کردنیان نەبوو، دەنا هەر لەو مەیدانەدا جەماعەتێکی زۆر

میتینگی ئەغەدە هەڵە بوو

وتووێژ لەگەڵ مستەفا ئیلخانیزادە

ئامازە: مستەفا ئیلخانیزادە لە دایکبووی ساڵی ١٣٢٥ گوندی سەدرئاوای سەر بە شاری بۆکان و بازنشستەی ئیدارەی دارایی‌یە. لە ماوەی ژیانی‌دا لە بەستێنەکانی شێعر و چیرۆک و وەرگێڕان و فێرکاری زمانی کوردی‌دا کاری کردووە و تا ئێستا ٢٣ بەرهەمی چاپکراوی هەیە. ئەو بەو تەمەنەوە هەنووکەش ماندووناسانە لەو بوارانەدا هەنگاو دەنێ و بە وتەی خۆی ئیستا زیاتر بایەخ بە ئەدەبیاتی منداڵان دەدا. کاک مستەفا لێردا وەکوو شاهیدی بەشێک لە ڕووداوەکانی مێژوویی ناوچە تیشک دەخاتە سەر هەندێک لایەن و لە ڕوانگەی خۆیەوە لێیان دەدوێ.

دەکوژرا. شەخسی دوکتۆر قاسملووش یەکجار پێی خۆش بووکە ئەو شەڕە هەرچی زووتر ببڕێتەوە و داکۆژێتەوە. بەڵام بابەتەکە لە قەوارە چوویوو دەرێ و لە هەر دووک لا کۆژرابوو و بە داخەوە ئەو ڕووداوە ناخۆشەی لێکەوتەوە کە بە زەرەری هەر دووک لا بە تایبەت کوردەکان تەواو بوو.

یانی جەنابت ڕوودانی ئەو ڕووداوە دڵهەژێنە هەر لە ئێوچاوانی ئاغای حاجی ئەحمەدی‌دا دەبینی و بێت وا نییە هۆکاری دیکەش لە ئارادا هەبن؟

ئەڵبەت تەنیا هەر لە ئێوچاوانی ئەو کەسەی‌دا نابینم، بەڵکوو ئەو وەکوو عامیلێک دەبینم کە ئاوڕێک بخاتە ئەنبارێکی تەقەمەنی، چون زەمینەی ئەو ڕووداوە هەبوو، تەنانەت لە بێش‌دا یەک دوو جاری تر خەڕێک بوو شەڕێک ساز بێ. بۆ نموونە لە سەر ئەو مەسەلەی کە لە پاسگا

کەسێک کوژرابوو، کاک مستەفا هیجری کەوتە نێوان و دایکوژاندەوە و جارێکی تر دژایەتێک لە نێوان کچە کوردێک و کچە ترکێک کە لە مەدرەسەدا پێکهاتبوو، خەریک بوو شەڕێک هەڵبێسێ کە من ئەو شەڕەم کۆژاندەوە. خولاسە عەواملێکی دیکە لە ئارادا هەبوون، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبا ڕەنگە قەت شەڕی وا گەورە لە ئەغەدە ڕووی نەدابا.

ئێمە تا ڕادەیەک بە سەر بارودۆخەکەدا زاڵ بووین و لەگەڵ ترکەکانیش‌دا هاوکاری و هاوپەیمان هەبوو و تەنانەت ئایەتوولڵا خومەینی، ئاغای حەمیدزادەی وەک نوێنەر ناردبوو ئەغەدە. ڕۆژێک گوتی: "با نوێنەرانی ترک و کورد بێن و دانیشتنمان هەبێ." من وەک نوێنەری خەڵکی شار، سەید ڕەسوولی بابی گەورە (دەفقان) وەک نوێنەری حیزبی دیموکرات، ماشاڵڵاخان و چەند کەسی دیکەش لە ترکەکان و هەروەها حاجی میرزا بڕایمیش بە ئەلیفون ئاگادار کران لەو دانیشتنەدا چەند خاڵێکمان بۆ هاوکاری و هاوڕایی داری کرد و ئەگەر شتێک ڕووی دابا، ئێمە خێرا کۆ دەبووینەوە و نەماندەهێشت کێشە ساز بێ و ڕووداوێک بقەومێ. بەڵام بە داخەوە ئەو میتینگە هەموو ڕیسەکەی لێکردینەوە خوری.

ئێوە وەک ئەندامی شوورای ئەغەدە لەو دانیشتنانەی کە لە نێوان کوردەکان و لێژنەی دەوڵەت لە مەهاباددا پێک‌هاتن. بەشدار بوون؟ دەکرێ لە ناوەڕۆکی ئەو دانیشتنانە بدوێن؟

ئەم دانیشتنە لە ساڵی ٥٨‌دا پێکهات، کە ئاغای فروهەر و هاوڕێیانی هاتن، واقەرارداننا کە لە هەر شارەی دوو کەس وەک نوێنەر لەم دانیشتنەدا بەشدار بن. من و کاک مستەفا هیجری وەک نوێنەری کوردەکانی شاری ئەغەدە و هەروا لە شارەکانی دیکەش دوو کەس دیاری کرابوون. لە کەسایەتیە سیاسییەکانی بەشدار لەوکۆبوونەوەدا دوکتۆر قاسملوو بەشدار بوو. ئەڵبەت ناوی هەموویانم لە بیر نەماوە. بەڵام نوێنەری شاری شنۆ ئاغای ڕەحیم مەحموودزادە بوو، لە بۆکان کاک سەلاح موفتەدی و ئاغای حەسەن شەمسی هاتبوون، لە سەقز بیێم وا بێ بەکیان ئاغای دوکتۆر شاکری بوو. بە داخەوە ئەوانی دیکەشم لە بیر نەماوە.

دیارە ئەو دانیشتنە لە ماڵە حاجی ڕەحیم خەڕزایی بووە و بە پێی وتووێژێک کە لە ژمارەکانی ڕابردووی "پەیامی کوردستان" لەگەڵ ئەو بەڕێزەمان هەمانبوو، لە قسەکانی‌دا ئامازە بەمە دەکا کە ئاکامی دانیشتنەکە لەگەڵ لێژنەی دەوڵەت تەنیا گەیشتن بە حەوت ماددە بوو و ماددەی هەشتەم لە یاشان لە لایەن کاک سەلاح موهتەدیبەوە پێوەی لکاوە. دیارە لە بیرەوەریەکانی کاک ڕەحیم مەحموودزادەش‌دا کە هەر لەو حەفتەنامەدا چاپ کراوە ئەو قسەی حاجی ڕەحیم خەڕزایی بە ڕاست زاندراوە. ئێوە وەک کەسێکی بەشدار لەو دانیشتنەدا ئەو بابەتە چۆن لێک‌دەدەنەوە؟

من پێم وایە ئەم بەڕێزانە ئەو بابەتانەیان بە باشی لە بیر نەماین. ئەڵبەت پێویستە ئامازە بە بابەتێک بکەین کە مرۆڤ نابێ ٢٢ ساڵ لەوە پێش بە پێوەر و مەعیاری ئەمڕۆ هەڵسەنگێنێ. مەسەلەی ماددەی هەشتیش بەم جۆرە بوو، ئەو سەردەمی فەرایەکی زۆر توندی چەپی و چەپگەرایی بە سەر کوردستان‌دا زاڵ بوو و هەروەها بە هۆی خەیانەتەکانی ئەمریکا و عامیلی ئەمریکا یانی شا کە بۆ سەرکوت کردنی کوردەکان کردبوویان، یانی ئەو خەیانەتەی کە لەگەڵ شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی کردیان، فەرایەکی دژی ئەمریکایی و چەپڕەوانە حاکم بوو. لە بارەی ماددەی هەشتەوە ئەوەی کە حاجی ڕەحیم و ئاغای مەحموودزادە دەیڵێن وا نەبوو و ئەم ماددانە هەر لەوێ نووسرا و وەک لە بیرم بێ جگە لە ئاغای مەحموودزادە کە زۆر بە توندی دژی ئەو ماددەیە ڕاوەستا و بە منی گوت ئەو ماددەیە چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە و بۆچی بیتووسین، هیچ کەسێکی تر دژایەتی خۆی دەرنەبڕی و هەموویان ئیمزایان کرد. نووسرانی ئەم ماددەیە لە لایەن کاک سەلاح و یا کەسێکی دیکەوە نەبووە، ڕەنگە کاک سەلاح ئەو ماددەیەی لە لا پەسندیش بووبێ و یان دۆستانی تریش هەر وا و یا تەنانەت لە لای هەندێ کەسیش پەسند نەکرابێ و لە دڵدا پێیان خۆش نەبووبێ، بەڵام جگە لە ئاغای مەحموودزادە کەس ڕاستەوخۆ دژایەتی خۆی دەرنەبڕی. جا دروست یا نادروست، بیر و ڕای زۆرینە وا بوو و هەر لەوێ ئیمزا کرا.

یانی ئێوە بەر لەوەی لەگەڵ لێژنەی دەوڵەت دانیشتنتان هەبێ، وەک نوێنەرانی خەڵک لە دەورەی یەک دانیشتن و بەو قەناعەتە گەیشتن کە ئەو هەشت ماددەیە تەسلیمی لێژنەی دەوڵەت بکەن؟

بەڵێ ئەو ماددانە لە پێش‌دا نووسرابوون و لە لایەن بەشدارەکانەوە پەسند کرا و هەر وەک ئامازەم کرد تەنیا ئاغای مەحموودزادە بووکە ماددە هەشتی پەسند نەکرد و ڕژایەتی خۆشی دەربڕی.

ئێوە وەک نوێنەری شاری ئەغەدە لەو دانیشتنەی شاری سنەش کە لەگەڵ لێژنەی دەوڵەت بە ئەنجام گەیشت بەشدار بوون. ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی کە لەو دانیشتنەدا هاتنە ئارا چ بوو؟

یەکەمی ساڵی ٥٨ کە شەڕی سنە ڕووی دا، دەوڵەت ئیعلامی کرد کە وەفدێک بۆ دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کورد دەنێرێتە سنە، خەبەر ناردرا بۆ شارە کوردنشینەکان کە نوێنەر ڕەوانەی سنە بکرێ، لە بیرم نییە کە ئەو سەردەم کاک مستەفا هیجری بە چ هۆیەک لە مال نەبوو، من و موهەندیس موحسین ڕەحیمی کوڕی حاجی مەلا ساڵح وەک نوێنەرانی کوردی شاری ئەغەدە چووین بۆ سنە. لەوێ مەلا شێخ عیززەددین حوسێنی وەکوو بەڕێوەبەری کۆڕەکەی ئێمە ڕاگەیاندرا و جگە لەو ئاغای ئەحمەدی موفتی‌زادەش بەشدار بووە و چەند کەس لە لایەنگرانی ئەو وەکوو مەلا جەلال شافیعی بەشداریان هەبوو. وەک لە بیرم بێ لە لایەن لێژنەی دەوڵەتیش، ئاغای تاڵەقانی و ئاغای بەهەشتی و بەنی‌سەدر و حاجی سەیدجەوادی و ئاغای یونسی کە ئەودەم ئوستانداری سنە بوو لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوون. دیارە لەو دانیشتنەش‌دا لە سەر کێشە و داواکانی خەڵکی کورد دوایین. لەو سەردەمدا کە کومیتەی شۆڕش ساز بوون، لە سنە دوو کومیتە هەبوو، یەکیان کومیتەی کوردەکان و ئەهلی سوننەت بە بەرپرسیاری ئاغای موفتی‌زادە و کومیتەی تر بە بەرپرسایەتی ئاغای سەفدەری کە مەلایەکی شیعە بوو. بەو پێیە کە لایەنگرانی ئاغای موفتی‌زادە لە چاو ئاغای سەفدەری زۆر زیاتر بوو و هەروەها لە سنەدا ڕەوەندی تر و لایەنی تر وەکوو بەرەی میللی و لائیک و... هەبوو، بەڵام هەموو ئیمکان و ئیختیارێک بە ئاغای سەفدەری سپێردرابوو و لە سەر ئەو مەسەلە دژایەتی نێوان ئەو دوو کومیتە دەست پێکرا و ژاندارمەری گێرا و لە پاشان دەوری پادگانیان دا و لەوکەمێوەینەدا بووکە لێژنەی دەوڵەت نارد‌را و وەکوو لە بیرم مابێ چەند بابەتێکم لەگەڵ ئەوان باس کرد و پێم گوتن: "ئێوە دەڵێن لە ئینقلابی ئیسلامی‌دا هیچ جیاوازییەک لە نێوان شیعە و سوننی‌دا نییە، ئەی بۆچی لە سنە کە ٩٨ لە سەدی خەڵکی ئەو شارە سوننی مەزهەبن، بەڵام هەموو ئیختیارێک دراوە بە برادەرێکی شیعە یانی ئاغای سەفدەری کە ئەو شارە زمارێکی زۆر کەمی شیعە تێدایە." ئاغای موفتی‌زادەش لەو قسەی من پشتیوانی کرد و ئاغای تاڵەقانی گوتی لەو بارەوە حەقە و ڕاست دەکەن.

دیارە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەش‌دا قسە دەکرا، کاتی پشوودان بوو لە بیرمە کە ئەمن لە تەنیشت ئاغای بەنی‌سەدر دانیشتبووم. لە منی پرسی: "لەمەڕ خودموختاری نەزەرت چییە؟" ئەمنیش گوتم: "خودموختاری زۆر خراپە." دیارە ئاغای بەنی‌سەدر ئەو قسەیەی زۆر پێخۆش بوو و گوتی "آدم منطقی بە این می‌گویند پس نظرت چیست"؟ گوتم: "لە بەرەوەتدا کورد هەموو ئێرانین و لە دوای شەڕی چالدران کورد لێک بڵاو بۆوە، بە ڕای من دەبێ هەموو پارچەکانی کوردستان لە تورکیا و سووریا و عێراق پێکەوە بلکێنەوە و بدرێنەوە بە ئێران." بەنی‌سەدر چاویکی لێکردم و گوتی: "بد حرفی نمی‌زنی، ان وقت شما اکثریت باشید و شما بە ما خودمختاری بدهید..." دیارە پاش ئەو دانیشتنانە بەڵێن درا هەڵبژاردنێک بێ و شوورا بۆ شار دیاری بکرێ و دکتۆر موزەففەر بەرتەوما وەک نوێنەری دەوڵەتی کاتی دیاری کرا و ئەو هەنگاوانەش هەڵگیران و ئاکامێکی خراپیشی نەبوو.

← ١٥

ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

عەلی پورنا

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە و دەبێ ئەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی عێراقییەکان و دراوسێ عێراقییەکان قبووڵی بکەن ئەوەیە کە ئەمریکا عێراق چۆل ناکا.

"کیۆن جێیمز" لە سایتی "aljazeera" لە ڕاپۆرتێکدا بەم جۆرە دەربارەی هەڵومەرجی نێزامی ئەمریکا لە عێراقدا دەنووسێ: "باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بەقەد ٨٠ زەمینی قتباڵ لە ناوەڕاستی بەغدا جێگای داگیر کردووە. بەرەپێدان و زیاد کردنی هاتوچۆی ئاسمانی و چەکداری ئەمریکا لە عێراق و نیشتەجێ کردنی بێشکەوتووترین کەلوپەلی سیخوڕی و شەڕ کردن، تازەترین هەڵسوکەوتی ئەمریکا لە عێراقدایە." جۆرج بووش سەرۆککۆماری ئەمریکا لە لێدوانێکدا لەمەڕ چوونە دەری هێزەکانی ئەمریکا گوتوویەتی: "هەتا ماوەمان تەواو نەبێت، لە عێراق دەمێنینەوە. بە واتایەکی تر هەتا پلانەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێبەجێ نەکرێن دەمێنینەوە."

ڕۆژنامەی "شیکاگۆ تریبۆن" لە مارسی ٢٠٠٤ لە زاری فەرماندەی عەمەلیاتی ئەمریکا "مارک کیم میت" دەنووسێ: "ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا جێگای خۆمان کردۆتەوە و زۆر هاسان دەتوانین هەر چەشنە مانۆڕێک بەڕێوە بەرین". پاش ڕووخانی دیواری برلین لە ساڵی ١٩٨٩دا هەتا ئێستا ئەمریکا ٣٥ بنکەی چەکداری لە نێوان پاکستان هەتا لەبنان داناوە. کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٧٩وە، هاوکات لەگەڵ گۆڕانی ڕژێم لە ئێراندا دەستی پێکرد. پشتیوانی ٨ ساڵەی ئەمریکا لە عێراق دژ بە کۆماری ئیسلامی، هێزی نێزامی ـ سیاسی عێراقی ئەوەندە بەهێز کرد کە سەددام حوسێن دەستی بۆ داگیر کردنی "کوێت" درێژ کرد.

ئەوە هەوەڵین کردەوەی بڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە بوو. هێرش کردن بۆ سەر "کوێت" خاڵێکی بەهێز بۆ ئەمریکاییەکان بوو هەتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن. پێش ساڵی ١٩٩٠ ئەمریکا تەنیا سێ بنکەی نێزامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، بێگومان هێزی ئەمریکا لە عێراقدا زۆر لە ئەوانی تر بە هێزتر دەبێت. لە مانگی مەی ٢٠٠٥دا "واشینگتۆن پۆست" ڕاپۆرتێکی بەم شێوەیەی لە سەر بنکەکانی نێزامی ئەمریکا بڵاو کردەوە کە پێنتاگۆن بە ئەمایە لە عێراق دا چوار بنکەی نێزامی دابنێ. ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی سیاسی، نێزامی و ئابووری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هێزتر دەبێت. زۆربەی سیاسەتوانان لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەمریکا سەبارەت بە وچەند خاڵەی خوارووە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە:

١ـ کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێنانە سەر کاری ئەو ڕژێمانەی کە پشتیوانی لە ئەمریکا دەکەن. بۆ وێنە دوو ڕژێمی تاڵەبان و بەعس بە هۆی پشتیوانی کردن لە تێرۆریزم و هەڕەشە لە ئیسرائیل و ئیسلامی ڕادیکاڵ و تەکحیزیی و... بە دەستی زۆر لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لابردران.

٢ـ کۆنترۆڵ وزەی (تێنێرژی) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەر چەند ئەمریکا ٢٠% ئەوتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکڕێ، بەڵام بە کۆنترۆڵ کردنی ٧٠ لە سەدی ئەوتی دنیا دەتوانێ زۆر شتان بە قازانجی خۆی ئەواو بکا.

٣ـ دروست کردنی کیانێکی کوردی هاوپەیمان لەگەڵ ڕۆژئاوا.

لە باری هەڵسەنگاندنەوە هیچ چەشنە دیاگرامێک لە بەر دەستدا نییە کە بیهێنێتە سەر کاغەز. دوکتۆر "عەلی ڕاستین" بەرپرسی لێکۆڵینەوەی ئیستراتێژیکی پاریس ڕۆڵی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم جۆرە شی دەکاتەوە: "لە هەڵومەرجی تازەدا کوردەکان دەساری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. ئاوا بوونی هێزی تورکیا، سەرهەڵدانی هێزی کوردی بە دوادا دێت. ئەوان خاوەنی گەورەترین کانگاکانی نەوت و گازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و دوو جۆمی گەورەی دیجلە و فورات کە ڕۆڵێکی زۆر بە ڕچاویان لە ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت لە کوردستانن. کوردەکان خاوەنی کانگاکانی



جۆراوجۆری ڕێزەوین و لە ڕێگای بە ندەری تەسکەندەروونەوە دەگەنە دەریاکانی ئازادەوە. ئەمریکا لە سەر مەسەلەیەک وانە مان مرۆڤ لەگەڵ ئورووپا پشتیوانی لە کوردەکانی تورکیا دەکەن هەتا هەڵومەرجی سەرهەڵدانی ئەوان ساز دەکەن."

٤ـ کەم کردنەوەی هەڕەشە لە ئیسرائیل (بە لاوازکردنی وڵاتەکان...)

٥ـ دەس‌تێوەردان لە پرۆژەکانی سیاسی، ئابووری، نێزامی و... (بۆ وێنە ڕاکێشانی لوولەی گازی ئێران بۆ ئورووپا کەمخەرجترین پرۆژە بۆ ئورووپاییەکان بوو بەڵام ئەم کارە سەری نەگرت. ئەگەری ئەوەش هەیە کە گازی ئێران قەت نەگاتە هیندووستان. چونکە ئەمڕۆکە ئەمریکا، ڕێگای ئەفغانستانی هەیە هەتا گازی وڵاتانی دەورووبەری دەریای خەزەریش بەو وڵاتەدا بۆ هیند و پاکستان ڕاکێشێ.) هەڵسوکەوتی وڵاتانی دنیا لە بەرامبەر چالاکییەکانی ئەمریکادا بە شێوەیەکی کورت و خێرا دەکرێ بە دوو دەستە

پۆلێن بکرێ:

ئـ ـ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

١ـ عێراق و کوردستانی عێراق: عێراقییەکان بە تایبەتی کوردەکان مانەوەی خۆیان لە مانەوەی ئەمریکادا دەبینن.

٢ـ ئێران: خاوەنی کێشەی قووڵ و ئێران لە ژێر فشاردایە.

٣ـ سوریا: خاوەنی کێشەن. سووریا وادار کرا هێزەکانی خۆی لە لوبنان بکێشێتەوە.

٤ـ عەرەبستان: کوێت، وڵاتانی کەنداوی فارس: پێڕەوی لە سیاسەتەکانی ئابووری ئەمریکا دەکەن.

٥ـ میسر: بە هۆی دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیل قازانجێکی زۆری لە لایەن ئەمریکاوە پێدەگات.

٦ـ ئیسرائیل: ئیسترانژیکترین دۆستی ئەمریکایە و بە توندی پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەکات.

٧ـ تورکیا: دۆستی نێزامی، بەڵام ڕۆژبە ڕۆژ دۆستایەتی ڕۆژئاوا لەگەڵ تورکیا ساردتر دەبێت.

٨ـ ئەفغانستان: هاوپەیمانی ئەمریکا دژ بە تێرۆریسم. پشتیوانی سیاسی، نێزامی و ئابووری ڕۆژئاوا بۆ ئەفغانستان حەیاتییە.

٩ـ پاکستان: هەڵومەرجێکی وەک ئەفغانستانی هەیە.

بـ ـ دەردەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

ئورووپا: بە تەواوی ماناوە لەگەڵ ئەمریکان، بە تایبەتی ڕۆژئاوای ئورووپا.

چین و ڕووسیا: سەبارەت بە یەک جەمسەری ڕۆژئاوا نیگەرانن و هەتا ئێستاش جەند مانۆڕی هاوبەشیان بەڕێوە بردووە.

ئوستراليا: هاودەنگ لەگەڵ ئامریکایە.

باشووری ئەمریکا: کوبا لەگەڵ وێنزوئێلا دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکان.

باکووری ئەمریکا: هاودەنگن.

ئەفریقای ناوەڕاست و باشووری ئەفریقا: هیچ وەرێنێکیان نیە.

باکووری ئەمریکا و باشووری ئەفریقا: هیچ لەگەڵ ئەمریکا هاودەنگن. بە تازەگی سەرۆککۆماری میسر ڕایگەیاند کە مانەوەی ئامریکا لە عێراقدا زۆر پێویستە.

کێشەکانی عێراق و ...

١٤ ←

هەڵبەت سیاسەتی دەوڵەتەکانی عەلاوی و جەعفەری زۆر جیاوازییان لەگەڵ سیاسەتی ئەو کاتی سەددام نەبووە و ئەمانەش بە ڕوانگەیەکی شۆڤێنی عەرەبی لەم شارەیان ڕوانی و لەم ماوەیەدا نەیانتوانی هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ ئەم شارە هەڵێنێنەوە.

هەڵبەت کێشەکان تەنیا گرێدراوی ئەم چوار خاڵە نین و زۆر خاڵی تر وەک دەس‌تێوەردانی دراوسێکان بە تایبەت تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق و بوونی میلیشیا و بەعسییەکان و باری ئابووری و... ئەوەی ڕاستی بێ لەم دۆخەدا عێراق هیچ چەشنە زەمینەیەکی ڕاستەقینەی بوونی دیموکراتیەتی تێدا بەدی ناکرێ. ڕەنگە دوای هەڵبژاردن و دیاری کردنی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران چەشنێک شەرعییەت بەم حکومەتە ببەخشرێ، بەڵام ئێستاش زۆر لایەن ڕەشبینی خۆیان سەبارەت بەم حکومەتە دەردەبڕن و لە سەر ئەم بڕوایەن کە زوو یا درەنگ شەڕی ناوخۆ لە عێراق هەڵدەگیرسێنێتەوە.

پتەو کردنی بەیوەندی نێوان هێزەکانی عێراقی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ڕێ گرتن لە هەر چەشنە دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە بەو مەرجەی لە سەر ئەساسی تەوافوقی و لێکتێگەیشتن بێ و هیچ لایەنێک حوکمی خۆی بە سەر ئەوی تردا نەسەپێنێ، بێویستە لەم نێوەش‌دا هەوڵ و ماندوو بوونی مام جەلال وەک کەسایەتی سیاسی عێراق کە لە نیزیک خستنەوەی هێزەکان، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بەرۆ بنرخێندرێ و ئەو لە قۆناغە هەستیارەکاندا وەک گەمیەکەی نووح پارێزەری خەڵکی عێراق بە گشتی بووە و هەنگاوەکانی بۆ بە دیموکراتیزە کردنی عێراق جێی سرنج و ڕامانە. لە بەعزە کاتێکیش کەسایەتی ئایینی عەلی سیستانی ڕێگر بووە لە کاری توند و تێکدەرانە و لە هێور کردنەوەی ئەوزاعی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق دەوری گێڕاوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە عێراق بە قۆناغێکی مێژوویی‌دا تێدەپەڕێ و ئەگەر بە ئاغەی دەستوور مەحکەم دابنرێ ئەوا لە داهاتوودا سەرکەوتن وە دەست دێ و کۆڵەکەی حکوومەت ڕاست و قایم ناچەقێ مەگەر ئەوەی کە کێشەکان بە شێوەیەکی مەدەنی و بە دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکرێن و ئەمەش یەکەمین و سەرەتایی‌ترین دەرسی دیموکراسییە و هیواش وایە لە یەکەم ئەزموونی‌دا سەرکەوتن بۆ گەلی عێراق دەستەبەر بکرێ.

پاشماوەی دوا پەیام

١٦ ←

"لە حاڵێکدا کە ئەم ڕەوتە لە وڵاتانی دیموکراتیکی گەشەسەندووداً، بە تەواوی بە پێچەوانەیە و بە هۆی سەقامگیر بوونی ژوورینەی ئابووری لە دەستی بەشی خوسووسی‌دا، ئەمە دەوڵەتە کە بەستراوەتەوە بە خەڵک نەک بە پێچەوانەوە... بە واتایاکی تر لەم جۆرە وڵاتانەدا خەڵک لە "سەروەت" ڕا دەگەنە "دەسەڵات"، لە حاڵێکدا لە لای ئێمە ئەمە دەسەڵاتە کە بەنارەوا دەبێتە سەرچاوەی وە دەس خستنی سەروەت. ئەم جیاوازییە ئەوەندە گرینگە کە شیکاری ڕەوتی دیموکراتیزە بوون لە وڵاتانی ڕانتیر لە چاو وڵاتانی دیکە جیایە و بە تەواوی پەروەندەیەکی جیاوازی بۆ دەکرێتەوە.

با نموونەیەکی نزیک باس بکەین. لە ساڵانی ٧٦ـ٧٩ کە نرخی نەوت لە کەمترین ئاستی خۆی لەم ٣٠ ساڵەی دوایی‌دا بوو، "دەوڵەت" لە ئێران وابەستەگییەکی زیاتری بە ماڵیات و لە ڕاستی‌دا بە هاوڵاتیان پەیدا کرد و ئەوەش تا ڕادەیەک بوو بە هۆی پاشەکشەی دەوڵەت لە بەستێنە خوسووسی و ئاکەکەسی و دانی هەندێک ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە ساڵی ٧٩وە کە ئەم ڕەوتە بە پێچەوانە بۆوە و نرخی نەوت بە شێوەیەکی ئاناسایی چووە سەرێ، قورسایی و بارستایی دەوڵەت و دەسەڵات دووبارە لە زیادتی دا.

کاتی خۆی من ئەم بۆچوونەم لە یادداشتێکدا بۆ ڕۆژنامەی "شرق" نووسی کە بە داخەوە ئەم چەند دێڕەیان سانسۆر کردبوو، لە حاڵێکدا ئەمڕۆ کەسێکی وەک عەباسی عەبدی زیاتر لەم گۆشەنیگایەوە دەڕوانێتە فەشەل هێنانی ڕیفۆرمخوازان...

٢ـ ڕۆژنامەی ڕانتیر هەم بە ڕەمەی دەوڵەت و کۆمەڵگای ڕانتێرە و هەم بۆخۆشی نموونەیەکی بچووکی پێکهاتەیەکی ڕانتێرە. هەڵبەت مەبەستی ئەم وتارە باس کردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ڕۆژنامەی ڕانتیر نییە، بەڵکوو مەبەست ئەمەیە کە نیشان بدا، ڕۆژنامەی ڕانتیر وەک دەوڵەتی ڕانتیر چەشنێک ساختار و داڕشتنی تایبەتی هەیە کە شوێن لە سەر جۆری پەیوەندی ئەو لەگەڵ خوێنەر دادەنێ. بۆ وێنە لە وەهاهەڵومەرجێکدا، با سەی "بەردەنگناسی" گرینگایەتییەکی ئەوتۆی نامێنێ، بەڵام ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی جیددی وابەستە سە کۆمەڵگای مەدەنییە یان بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، پاشگری "جیددی"م بۆیە باس کرد تا حیسابی ڕۆژنامە زەرد و پۆپۆلیستییەکان تا ڕادەیەک لەم پێناسەیە جودا کەمەوە.

کاکڵی قسە ئەمەیە کە ڕۆژنامەی ڕانتیر بە هۆی خاوەندارێتی ڕانت، پێداویستییەکی وای بەم قازانجە نامێنێ کە لە ڕێگای گرین و دانەفرۆشی بە خوێنەرانەوە پەیدای دەکا. ئەمەش وای لێدەکا کە ڕادەی هەست بەرپرسیار بوونی لە ڕاست بەردەنگ کەم بێتەوە و هاوکاتیش بە قازانجی سەرچاوەی "ڕانت" بەشێک لە "سەریەخۆیی‌یەکەی" بدۆڕێنێ. هەڵبەت ڕادەی ئەمەش بەستراوەتەوە بە جۆرەی "سەرچاوەی ڕانت" و هەروەها کەم و زۆر بوونی "ڕادەی ڕانت". ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕۆژنامەی جیددی سەربەخۆ وەک دەوڵەتانی دیموکراتیک، بۆ درێژەدانی ژیانی، ناچارە سەرنجی خەڵک و خوێنەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە ڕێگای ئاوردانەوە لە کێشەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە و بە گشتی نیشان‌دانی تەسوێرێکی واقیعی و بەرهەست لە ژیان و ئاقار، پەیوەندییەکی قایمتر لەگەڵ خوێنەران ساز بکات. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ڕۆژنامەیەکی وەک ئاوێنە و هاوڵاتی بکەین کە بە هۆی سەربەخۆ بوون، پرسی "بەردەنگ ناسی" جیددی‌تر دەدەگرن و لە چاو ڕۆژنامە دەوڵەتییەکان سەرکەوتووترن. بەڵام ڕۆژنامەی ڕانتیر چەشنی وڵاتانی خاوەنی ڕانت، دەقاودەق ئەم پێداویستییەی بە خەڵک نییە.

لێرەدا وە بیر قسەی دۆستێک دەکەومەوە کە دەیگوت زۆر بوونی بەشی کوردی عێراق لە نەوتی ئەم وڵاتە لە ١٣%ـ١٧% بۆ ئەگەری ئەوەی بە دواوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی لاواز بکا و بۆ نموونە فۆرمەتی ڕۆژنامەکان جوانتر، بەڵام لە هەمان حاڵدا بێ‌ناوەڕۆکیشیان کا! هەڵبەت ئەمەی باسی لێوە کرا زیاتر، گۆڤار و ڕۆژنامە گشتییەکان دەگرێتەوە، نەک بۆ نموونە، گۆڤاری تایبەتی و وەرزنامە زانکۆییەکان و... هەڵبەت لێرەدا ڕۆژنامە حیزبیەکانیشمان باس نەکردووە، هەم لەبەر ئەم بڕوایە کە لە کوردستان ڕۆژنامەی حیزبیمان نییە و هەمیش بە قابل بوون بە ئەوەی کە کۆمەڵگای سیاسی و مەدەنی لێک جودان. نەبوونی جیاوازێکی دیاریکراو و یاسایی لە نێوان "حیزب" و "دەوڵەت" لە کوردستانی عێراق چەمکی "ڕۆژنامەی حیزبی" (هەڵبەت جگە لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکان) دەباتە ژێر پرسیار و زەمینەیەکی لەبارییش بۆ ڕانت خواردن لە بوارە جۆرەجۆرەکان و یەک لەوان، ڕۆژنامەگەری پێکدێنێ.

٣ـ ئایا ڕۆژنامەی ڕانتیر خراپە؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە زۆر ڕاستی نەبێ و لە چەشنی پرسیارگەلی وەک "مانگێلە خراپە یان چاک و... بێ". بەڵام بێگومان ڕۆژنامەی سەربەخۆ چاترە. هەم لەبەر ئەوە کە ڕۆژنامەی سەربەخۆ لە ئاستی حیزبەیی‌دا وەک بۆنگایەکە کە سەرقاڵی چالاکی سالم و شەفاف ئابوورییە و هەم بە هۆی وابەستە بوون بە کۆمەڵگا و گرینگی‌دان بە باسی "بەردەنگناسی" چەندایەتی کارەکەی لە باری ناوەڕۆکەوە دەچێتە سەر. بەڵام ڕۆژنامەی ڕانتیر دەتوانێ لە هەردووک بوارەدا بە پێچەوانە بێ. هەڵبەت لێرەدا جێی خۆیەتی ئەمە دووپات کەینەوە کە دیسانیش ناکرێ کە لەم شتانەی کە گوتران حوکمێکی گشتگیرتر هەڵێنجێندرێ. بەڵام دەشێ ئەم پێکگرتنە لە نێو ڕۆژنامە هاوتەریبە جیددییەکان‌دا بکرێ. ئەم ڕۆژنامانەی کە هەم جیددین و هەم لە پێناو "قازانجی گشتی"دا چالاکی دەکەن و هەم پێوەر حیزبەییەکان لەبەر چاو دەگرن جا چ سەربەخۆ بن و چ ڕانتیرو تەنانەت دەوڵەتیش!

میتینگی نەغەدە هەڵە بوو

١٤ ←

باشە ئاکامی ئەو دانیشتنە بە خەڵکی ڕاگەیەندرا کە ئایا ئەو دانیشتنانە چ قازانجێکی بۆ شار و خەڵکەکە لێکەوتووە؟

بەڵێ لە ڕۆژنامەکان و چاپەمەنییەکان‌دا بڵاو کرایەوە و تا ڕادەیەک بروسکەی هیوا لێدرا و لە پاشان بارودۆخەکە گۆڕا و سەرچاوەی بەریاری دەوڵەتی زۆر بوون و هەروەها لە لایەن کوردەکانیشەوە تەمایەکی یەکدەست نەدەگیرا و هاوپەش و هاوڕا نەبوون کە لە پاشان شەڕی نەخوازراوی لێکەوتەوە.

ئەگەر هەڵەم نەکردبێ غەنی بلووریانیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری کرد، ئەو لە لایەن چ کەسێکەوە و یا نوێنەری چ دەستە و تاقمێک بوو و ئەو لەو دانیشتنەدا چ قسەیەکی کرد؟

کاک غەنی وەک نوێنەری حیزبی دیموکرات لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوو و ئاسایی‌یە کە دەبوو لە ماڵ نەتەوەیی کورد و هەڵوێستەکانی حیزب بدوێ، بەڵام ئەنیا قسە و پێشنیاری مامە غەنی ئەوە بوو کە تاقمێک لە لاوانی چەپ و مارکسیستی خەڵکی میاندواو کە بە هۆی دژایەتی و فشاری جەماوەر هەڵاتبوون و لە مەهاباد نیشتەجێ ببوون، دەوڵەت بشتوانێتان لێبکا و بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان و ئەمنییەتی ئەوان دەستەبەر بێ.

چەختی نوێنەرانی کورد لەو لێژنەدا زیاتر لە سەر چ بابەتێک بوو و لە بنەڕەتدا ئەوەری باسەکان چ بوون؟

خودموختاری و ماڵ ئەتەوەیی و حقووقی مەزهەبی و ئاوەدانی و... باس کران. بەکێک لەو بابەتانە کە لە دانیشتنەکەی مەهابادا باسی کرا و پێشنیار درا، ئەوە بوو کە بە پێی ئەوەی کە ئەرتەش سیستمێکی شامەنشاهییە با هەڵوەشێتەوە و ئەرتەشێکی خەڵکی و شۆڕشگێڕانە پێکبێ.

سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا

مێنش سپاستان دەکەم و سەرکەوتووبن.

هفته نامه اجتماعی، فرهنگی، سیاسی، اقتصادی و هنری (فارسی، کردی)
صاحب امتیاز و مدیر مسئول: اردشیر صدرالدینی
سردبیر: سلیمان منگوری
تایپ و صفحه‌آرایی: بخشان عزیزی ـ آوات حکیم‌زاده
نشانی: مهاباد، میدان استقلال، پاساژ شهید شهریکندی، طبقه دوم
صندوق پستی: ۵۳۹ - ۵۹۱۳۵
تحریریه: ۰۴۴۲-۲۲۳۷۴۴۴ نمابر: ۰۴۴۲-۲۲۳۷۴۴۳
گستره توزیع: آذربایجان‌غربی، ایلام، کردستان و کرمانشاه
چاپ: بنیاد رسالت

پەیامی کوردستان

ـ پیام کردستان در تلخیص و ویرایش مطالب آزاد است
ـ مطالب چاپ شده لزوماً نظر هفته‌نامه نیست
ـ مطالب را حتی‌الامکان تایپ شده یا با خط خوانا ارسال فرمائید
ـ مطالب ارسالی عودت داده نمی‌شود
WWW.kurdistanekem.com
E-mail:Peyami_Kurdistan@yahoo.com

شنبه ۳۰ اردیبهشت ۱۳۸۵ ـ ۲۲ ربیع‌الثانی ۱۴۲۷ ـ ۲۰ مه ۲۰۰۶ | سال دوم ـ شماره بیست و هشتم ـ ۱۶ صفحه | PEYAMIKURDISTAN/VOL.2 NO.28/SAT.20 May 2006

کێشەکانی سەرۆکوەزیری تازەی عێراق

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: ڕەحمان پەناهەندە

سەرۆکوەزیری هەڵبژێردراو جەواد ئەلمالیکی، خەریکی سازدانی دەوڵەتە. بەڵام سەرۆکوەزیری لاسار و تاکڕەو و لابردراو ئیبراهیم ئەلجەعفەری کێشە کۆنەکانی وەکوو دامرکانی شۆڕشەکان و ناڕامییەکان و لابردنی کێشەکانی نێوان سوننی و شیعە کە لەو مانگانەی دوایی‌دا بووبە هۆی گیان لە دەس‌دانی سەدان کەس، بە میرات هێشتەوە و جێبەجێی نەکردن. چاوەدێران هیوادارن کە ئەلمالیکی لە بەڕێوەبەری پێشوو پراگماتیکتر و بەدەسەڵاتترە. لە بیست و دووەمی ئاوریلەوە یانی سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیر، ئەلمالیکی لە ڕۆژنامەی ئامانجەکانی هاوبەش کە سەرۆکوەزیری پێشوو هەیبوو، پشتیوانی کردووە. ئەو ٢٣ی ئاوریل لە کۆبوونەوەیەکدا گوتی: "دەوڵەتی عێراق دەبێ هەوساری وڵات بەدەستەوە بگرێ، نەک هێزی نیزامی. هێزەکانی نیزامی تەنیا دەبێ لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتدا کار بکەن." ئەلمالیکی هەروەها گوتی: "یاسایەک بە مەبەستی یەکێتی نێوان هێزەکانی خەڵکی (پێشمەرگە) و هێزەکانی نیزامی لە ئارادایە، بەو مەبەستە کە دژایەتی هەمەر دیکتاتۆری و ملهوڕی لە بیر خۆیان نەبەنەوە کە ئەزماریان یازدە حیزبە." ئەو هەروەها گوتی کە دەوڵەتەکەی بۆ چوونەسەری کارامەیی و لێهاتوویی هێزەکانی ئەمنییەتی بە مەبەستی دابین کردنی ئاسایش و ئەمنییەتی وڵات تێدەکۆشێ و خوازیاری یەکپارچەییەکی نەتەوەییە. "ئێمە دەخوازین بنەماڵەیەک پێکبهێنین کە خودانی ڕابردوویەکی حیزبی و ڕەگەزی نییە."

بایخێک بۆ پراگماتیسم

"ڕاڤەوانی ناوچەیی "کاسلین ڕیدۆلفۆ" نامازە بە وەخاڵە دەکا کە ئەلمالیکی و ئەلجەعفەری خاڵی هاوبەشیان نێوە. بۆ وێنە بەڕێوە بردنی حیزبی سیاسی شیعە مەزهەب بە ناوی "الدعوە". بەڵام بەو حاڵەش جیاوازی زۆریان بەرامبەر بە یەک هەیە. ئەلمالیکی مەئموری ڕەدەبالای حیزبی ئیسلامی "الدعوە" و ڕاوێژکاری نزیکی جەعفەری بوو. ڕیدۆلفۆ گوتی: "هەر چەند ئەو دوو کەسە خاڵی هاوبەشیان گەلێکە، بەڵام هەر بەو جۆرەی کە زۆربەی ئەو کەسانەی ئەلمالیکی ناس دەکەن، ئەو پراگماتیسمێکی پێداگرە کە دەتوانێ بە مەبەستی خۆی بگا. سەرۆکوەزیری پێشوو جەعفەری لە ئاشت بوونەوەدا گەلێک لاوازتر لە مالیکی دێتە بەرچاو."

جەعفەری دوکتورێکی خوێندەوار و لە قسە کردندا ئارامە و تا ڕادەیەک بێسەروبەر دەئاخڤێ، کەچی ئەلمالیکی ڕاوەستاوتر و بە دەسەڵاتترە و جەخت لە سەر بڕواکانی خۆی دەکا و هەروەها گوتی کە ئەو زیاتر عەقڵانییەت ڕەچاو دەکا و هیوادارە کە ئاشتێکی زیاتر لە بەڕێوەبەری پێشوو دەستەبەر بکا. ئەگەرچی ئەلمالیکی ئەزموونێکی کورتی لە دەسەڵاتداری‌دا هەیە، بەڵام ئەم ڕۆڵانەی کە تا ئێستا بینیویەتی، بریتی بوون لە ئەندامی سەرەکی ڕەشنووسی بنەڕەتی بۆ دەزگای یاسادانەری عێراق لە ساڵی ڕابردوودا و هەروەها ڕۆڵی هەساس و بەرچاو لە کومیتەی سەربەخۆی دژی بەعس (سڕینەوەی بەعس)دا.

تاقمێک لە چاوەدێران دەڵێن کە ئەو لە درێژەی کردەوەکانی لە تەشکیلاتی یاسادانەری عێراق "دەستوور"، پەیوەندێکی باشی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان ساز داوە، بەڵام لە کومیتەی دژ بە بەعس‌دا سیاسەتێکی زیاتر شەڕخوازانە و پەلامارخوازانەی بەرامبەر بە ڕێبەرە سوننییەکان هەبووە.

سوننییەکان کە لە ژێر چاوەدێری ڕیدۆلفۆ دەڵێن کە ڕەشبینی سوننییەکان

بووبە هۆی لێڵ بوونی ئەو بابەتە کە ئایا ئەلمالیکی دەتوانێ یەکپارچە بوونی نەتەوەیی کە بۆ سەرگرتنی حەوڵی بۆ دەدا، دەستەبەر بکا؟ پێشتر تاقمێک لە ڕێبەرە سوننییەکان دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە کاندیدا بوونی ئەلمالیکی دەبڕی و قسەیان ئەوە بوو کە ئەلمالیکی گەلێک حیزبخوازە. ڕیدۆلفۆ گوتی کە ئەوان لە پاشان لایەنگری خۆیان لە ئەلمالیکی بە مەرجی پشتیوانی شیعەکان لە نوێنەری ئەوان واتە مەحموود ئەلمەشهەدانی کە بە ڕوانگەی شیعەکان کەسایەتییەکی ئیسلامی کەللەڕەقە بۆ وتەبێژی پارلمان، دەبڕی.

بۆ وە دەس هێنانی پشتیوانی کوردەکان و سوننییەکان لە ئەلمالیکی وەکوو سەرۆکوەزیر، ئیتحادیەی بە دەسەڵاتی شیعە ڕەزایەتی خۆی لە دایەش کردنی پۆستە سەرەکییەکان لە بەغدا دەربڕی، هەر هەمان سیاسەت و کردەوەیەک کە بە هاوڕێتی جەعفەری بەڕێوەیان دەبرد. سەرۆکی کورد، جەلال تاڵەبانی وەکوو سەرۆکۆماری عێراق لە بەعسییەکان‌دا شکڵیان گرتووە، زۆربەیان تیکۆشانەکانی کومیتە بۆ سڕینەوەی حکوومەت لە بەعسییەکان، وەکوو هەڵتەکاندنی کۆمەڵگا لە سیاسەت چاو لێدەکەن.

ئایا یەکپارچە بوونی نەتەوەیی سەر دەگرێ؟

ڕیدۆلفۆ دەڵێ کە ڕەشبینی سوننییەکان

بەرامبەر بە پۆستی خۆی‌دا دەمێنێتەوە، لە حاڵێکدا ئەلمەشهەدانی سیاسەتوانی سوننی پۆستی وتەبێژی پارلمان بە دەست دێنێ.

ڕاڤەکاران دەڵێن کە زۆربەی هەڵوێستە سیاسییەکانی (ئەلمالیکی)یش لە دەوڵەتدا هەمیشە لە کورد و سوننی شەڕخوازانە و دژکردەوانە دەبێ. سەرۆکوەزیری هەڵبژێردراو چەشنی جەعفەری لابراو، دژی ئیستای فیدرالی عێراق بە توندی وەک ڕابردوو لێدەکاتەوە و لەم دوایی‌یانەش‌دا لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی بریتانیایی گاردییەن دەربڕی کە "سەردەمی حکوومەتی ئاوەندی بەسەر چووە".

سوننییەکان دژی تێکۆشانی شیعەکان بۆ گەشەدانی فیدرالیسم بە مەبەستی پەرەپێدانی بازنەی حکوومەتی خودگەردانی خۆیان لە دەڤەرەکانی باشوور و ناوەندی عێراقن.

سەرۆکوەزیری هەڵبژێردراویش وەکوو جەعفەری کەسێکی ئیسلامگەرایە، کە خوازیاری پایەخەکانی بەرزی ئیسلامییە بە نرخی نزم بوونەوە و سووکایەتی ئەرزش و پایەخەکانی بەرزی غەیرەڕۆحانی. حیزبە کوردییەکان بە توندی جەعفەریان لەم بارەوە سەرکۆنە کرد.

هەڵوێستەکانی ئەلمالیکی لە ماوەی ژیانی‌دا و لە تاراوگەدا شکڵیان گرت. ئەو ساڵی ١٩٨٠ بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی سێدارە بە سزای دژایەتی کردنی لەگەڵ حکوومەت ڕای کرد، کە سەرەتا لە ئێرانی خواست کە وەک پەنابەرێکی سیاسی قبوولی بکا و لە پاشان وێڕای جەعفەری، لە وحاڵەدا کە حیزبی "الدعوە" تووشی گرفت ببوو، بەرەو وڵاتی سووریا ڕۆیشتن.

ئەلمالیکی لە دەمیشق گۆڤاری وتەبێژی حیزبی ئیسلامی "الدعوە" بڵاو کردەوە. هەروەها چەندەها ساڵ ڕێبەری بەشێک لەو حیزبەی بوو کە لە دژی ڕژێمی بەعس پێکهاتبوو و زۆر زوو بەرلە پەلاماری ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ وڵاتی عێراق گەڕایەوە.

دوا پەیام

ڕۆژنامەگەری ڕانتێر و چەند وتەیەک

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی پێوەندییەکان

دوکتور سەلاحەدین خەدیو

ڕۆژنامەی ڕانتێر"م بە شێوازی "دەوڵەتی ڕانتێر" داناوە. ڕۆژنامەی ڕانتێرهەم دەتوانێ بەرهەمی دەوڵەتی ڕانتێر بێ و هەمیش دەکرێ بە هاریکاری بێکگراوندێکی تەئبیقی، تایبەتمەندییەکانی جۆرە ڕۆژنامەیەک تاوتوێ بکرێ کە نە دەوڵەتییە و نە حیزبی و نە تەواو سەربەخۆ و... ڕەنگە کردنەوەی زیاتری وردەکارییەکانی ئەم باسە، بتوانێ گرێ‌پووچکەیەکی نیزریک بکاتەوە و بۆ پێناسە کردنی نموونە جۆریە جۆرەکانی ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆی کوردی بە سوود بێ. دیارە کە دابەشبێنی سادە و ساکاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە دور دەستەی دەوڵەتی و نادەوڵەتی ناتوانێ تەواوی واقیعی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری کوردی نیشان بدا. هەر بۆیە لە پێناو وردبینێکی زیاتردا، ئێمە ڕۆژنامەکان سەرەتا بە سێ دەستەی دەوڵەتی و نادەوڵەتی و حیزبی دابەش دەکەین. پاشانیش نادەوڵەتییەکان لە دوو خانەی "سەربەخۆ" و "ڕانتێر"دا لێک جودا دەکەینەوە. هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئەمە بڵێین کە ئەم دابەش کردنە هەڵگری هیچ قەزاوەتێکی سیاسی یان ئەرزشی تایبەت نییە، بە واتایەکی دیکە ئێمە قسە لەمە ناکەین کام یەک لەم چەشنە ڕۆژنامانە باشترن، بەڵکوو تەنیا دەمانەوێ لە دەلاقەی "ئابووری سیاسی" مەتیووەاتەوە ڕەهەندێک بە ڕەو پۆلێزبەندی ڕۆژنامە کوردییەکان بکەینەوە.

با ئەمەش بڵێین کە ئەم شێوە دابەشبێنە هاوێ لەگەڵ وردبینییەکەی، هەندێک خاڵی کوێر(نقاط کوێر)یشی هەیە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە ڕۆژنامەی دەوڵەتیش جۆرە ڕۆژنامەیەکی ڕانتێرە. بەڵام لە عەینی حاڵیش‌دا دەکرێ ئەم باسەوە بسێنینەوە کە "ڕانت" لە ئەساس‌دا چەمکێکی درێژو بێزلیکراوی ئابووریە و حاڵەتێکی ناشیرین و شاراوەی هەیە و ئەمەی کە لە حاڵەتی ئیستاندارەی خۆی‌دا، ڕۆژنامە دەوڵەتییەکان وەریدەگرن، بە هۆی دیاریکراو بوون و شەفافییەتی ماڵی و بەرپرسیارێتی یاسایی هاوڕێی، بەر لەوە کە ڕانت بێ "سوبسیدە". هەر چەند لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا بە هۆی ئەبوونی شەفافییەت، سنووری نێوان ڕۆژنامەی دەوڵەتی و نادەوڵەتی و هەروەها "سوبسید" و "ڕانت" دیار نییە، بۆ وێنە بروانە ڕۆژنامەی ئابیدە ر لە دوای ساڵی ٧٧ و سەرەوە ئێستا. لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە ئازادی چاپەمەنی وەکوو ئەسڵێکی حاشالێنەکراو بە ڕەسمی ناسراوە، بە لەبەرچاو گرتنی خاڵە یاسایی‌یەکان، ئەم وردەکارییانە بە جیددی لەبەرچاو دەگیرێن. ئەنانەت لە هێندێک لە وڵاتانی دەروچیرانیشدا کە خاوەنی ڕابردوویەکی دەوڵەمەندن لە بواری ڕۆژنامەگەرین، تا ڕادەیەک ئەم حاڵەتە دەبینرێ. وەک ئاژانسی نیوەڕەسمی ئاناتۆلی (تورکیا) و ڕۆژنامەی نیوەڕەسمی ئەلئەهرام (میسر) و... کە پاشگری ناوەکانیان نیشاندەری ئەم وردبینییە یاسایی‌یەن.

بۆ ئەوەی کە زۆر لە مەبەستی سەرەکی یاسەکەمان دوور نەکەینەوە با پێشەکی پێناسەیەکی کورت لە مانای "ڕانت" و دەوڵەتی ڕانتێر بکەینە بەرباس. ١ـ لە پێناسەیەکی زۆر سادەدا، ڕانت بەم وەرگیراوە(دریافتی) دەگوترێ کە لە چالاکییە نابەرهەمهێنەر(غیرمولد)ەکانەوە دەست دەکەوێ. واتە ڕانت، قازانجێکی بابردەلەبە کە وە دەس هاتنی ئەک لە ڕێگای بەشداری لە چالاکییە بەرهەمهێنەرەکان، بەڵکوو لە پانتای هەبوونی دەسەڵاتی بێ‌ئیختیار کردنی خەڵکانی دیکە، وەدی دێ... هەبوونی ڕانت لە هەر سیستمێکی ئابووری‌دا، بە مانای پێدانی ئەگونجاوی "سەرچاوەکان" و هەروەها ناعادلانە بوونی نیزامی ئابوورییە و لە سەر یەک، دەبێتە لەمپەر و ئاستەنگی کە شەی ئابووری.

ئەگەر لە پێناسەیەکی زۆر کورت و سادەش‌دا، ئابووری بە بەرهەمهێنانی داهات مانا کەینەوە، دەکرێ بڵێین کە دەوڵەتی ڕانتێر دەوڵەتێکە کە سیستمی ئابوورییەکەی لەبری مکانیزمە سروشتی و زانستییەکانی بەرهەمهێنانی داهات، بەستراوەتەوە بە داهاتێکی سروشتی وەک نەوت و... ئەم وابەستە بوونەش، هەڵومەرجێکی وا دەخولقێنێ کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ وەک چینێکی تایبەتی لە سەرووی چینە کۆمەڵایەتییەکانی لێ بێ و بە هیچ جۆرێک پێداویستی بە هاوڵاتیانی نەمێنێ.

۱۵ ←

تێکۆشەری کوردستان، ئەیلا قاسم

۱۰ ←

ڕژێمی عێراق لە زیندوو بوونی ئەو پێنج لاوە کورده زۆر دەترسا، بۆیە هێشتا دوو هەفتە بە سەر دەستگیر کردنیان تێنەپەڕیبوو، کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٢ ئەیلا قاسم و هەر چوار هاوڕێکەی لە سێدارەدران. سەلام قاسمی، برای ئەیلا قاسم، ماوەیەک دوای لە سێدارەدانی ئەیلا هەر لە بەغدا لە لایەن بەعسییەکانەوە شەهید کرا. تاوانی سەلام قاسم تەنیا ئەوە بووە کە وێنەی ئەیلای خوشکی ناردبوو بۆ دەستی قوتابیانی کورد و ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. دایک و باوکی ئەیلا قاسمیش بە هۆی ئەدەستدانی دوو ڕۆڵەیان، هەر زوو بە کۆست و خەمێکی گەورەوە سەریان ناوەتەوە و کۆچی دوایان کردووە.

هەواڵی لە سێدارەدانی ئەیلا قاسم بە سەرتاپای کوردستان‌دا بڵاو بۆوە. هەروەها هەندێک لە چاپەمەنییەکانی ئەوساکەی جیهان هەواڵی لە سێدارەدانی ئەیلا قاسمیان وەک لە سێدارەدانی یەکەم ژن لە مێژووی سیاسی عێراق‌دا بڵاو کردەوە. ئەیلایەک لە سێدارە دراو، بەڵام هەزاران ئەیلا لەدایکبوون. دوای ئەیلا قاسم لە سەرتاپای کوردستان هەزاران منداڵی کورد بە ناوی ئەیلاوە ناونران. ئەیلا قاسم بوو بە چیرۆک و داستان و هەڵبەستی شاعیرانی گەورەی کوردی وەک جگەرخوێن و زۆری تر.

سەرچاوە: دیمانە

جناب آقای دکتر جمیل قادری ریاست محترم دانشگاه آزاد اسلامی واحد مهاباد

اعضای محترم هیأت مؤسس دانشگاه آزاد اسلامی واحد سردشت

ضمن تبریک به مناسبت فرا رسیدن روز معلم، از زحمات بی‌شائبه و بی‌پایان جنابعالی و همکاران و تلاش‌های بی‌وقفه اعضای محترم هیأت مؤسس واحد شهرستان سردشت که به حق گل واژه تعلیم را بر لوح وجود رقم زده و با تأسیس آن واحد به انتظارات مردم دانش‌دوست و فرهنگ‌پرور این شهرستان پاسخ گفته‌اید، نهایت تشکر قلبی خود را اعلام نموده و از درگاه خداوند سبحان روزهای سرشار از سعادت، سلامت و قرین پایداری برای تمامی سروران آرزومندم. نامتان ماندگار، کامهایتان استوار.

عثمان مزین

جناب آقای مهندس ادب

مصیبت وارده و درگذشت دایی بزرگوارتان را حضور جنابعالی و خانواده محترمتان تسلیت عرض نموده، از خداوند متعال برای آن مرحوم طلب عفو و برای بازماندگان صبر جمیل خواهانیم.

اعضای شورای موقت جبهه متحد کرد استان آذربایجان غربی

جناب آقای جعفر ذوالفقاری

انتصاب شایسته شما به عنوان فرماندار مهاباد، نشان از لیاقت و کاردانی شما دارد و موجب غرور و افتخار همکارانتان در جمعیت هلال احمر است. ضمن تبریک به جنابعالی، برایتان از ایزد منان موفقیت روزافزون را خواهانیم.

جمعیت هلال احمر مهاباد

جناب آقای جعفر ذوالفقاری

انتصاب شایسته و به‌جای جنابعالی به عنوان فرماندار مهاباد را تبریک عرض نموده و از درگاه ایزد منان برایتان توفیق روزافزون را آرزومندیم.

مدیر مسئول، سردبیر و تحریریه
هفته‌نامه پیام کردستان

برادر ارجمند
جناب حاج آقا ذولفقاری

انتصاب شایسته جنابعالی را به سمت فرمانداری شهرستان مهاباد صمیمانه تبریک و تهنیت عرض می‌نماییم.

دانشگاه آزاد اسلامی واحد مهاباد

دانشگاه آزاد اسلامی واحد مهاباد برگزار می‌کند:

ـ نخستین همایش نقش و تأثیر مثبت دانشگاه آزاد اسلامی بر توسعه منطقه

زمان: ۲۷ اردیبهشت‌ماه ۱۳۸۵، مکان: سالن اجتماعات دانشگاه آزاد اسلامی واحد مهاباد

ـ برگزاری اولین نمایشگاه دستاوردهای ۲۰ ساله دانشگاه آزاد اسلامی واحد مهاباد

زمان: ۲۷ اردیبهشت الی ۳ خرداد ۱۳۸۵، سالن شهرداری مهاباد